(لەمعە)ی بیست‌وسێ‌هەم لە کتێبی (لمعەلر)

بەشێك
لە پەیامەکانی
نوور

سروشت

هونەرە یان هونەرمەند؟!

بدیع الزمان
سعیدی نورسی
دایناوە

فاروق رسول یحیی
کردوویە بە کوردی

استنساخ
مەشخەڵ
پەڕاوگە - بحث نوسین-وەرگێڕان
مەلزەمە-ڕاپۆرت-بزنسس کارت
فێرکاری و چیرۆکی منداڵان
0750 728 42 74
پەڕاوگەی مەشخەڵ
کۆیە -خوار مەڵبەند -خوار عیادەکان
بەرامبەر قوتا بخانەی شیرین

بەشێك لە پەیامەكانی نوور

سروشت

هونەرە یان هونەرمەند؟!

بدیع الزمان
سعیدی نوورسی

داینــــاوە

فاروق رسول یحیی

كردوویە بە كوردی

★ ئەم پەیامە بدیـــع الزمـان مامۆستا سعیدی نوورسی بە تورکی داینـــاوە ٠

★ مامۆستا « احسان قاسم الصالحي » کردوویە بە عەرەبی ٠

★ فاروق رسول یحیی لە عەرەبی‌یەوە کردوویە بە کوردی ، پاشـــان لەگەل تورکی‌یەکەیدا بەراوورد کراوە ٠

★ چاپی یەکەم

★ ١٤٠٦ هـ ـ ١٩٨٦م

★ مافی چاپ پارێزراوە ٠

★ چاپخانەی الحوادث بەغدا ت ٤١٥٢٦٨٥

بسم الله الرحمن الرحيم

قالت رسلهم أفي الله شك فاطر السموات والأرض

سورة ابراهيم ١٠

ئەم ئایەتە پیرۆزە بە بۆنەی ئەو پرسیارەی کە تیایدایەو بۆ مەبەستی ئینکاری کردنی هەڵوێستی بەرامبەر هێنراوەتەوە ، دەڵێ : گومان لــە بوونی خــوای گــەورەدا نییەو نابێ ، وە بەڵـگەیەکی پتــەوی گومـــان لێنەکراوی « بوون » و « یەکتایی »ی خوای گەورەیە • [وە ئەمــەش تەنها بە تێڕامان لــە زەوی‌و ئاسمانەکان بــە ڕوونی‌و بەداهــەت دەردەکەوێ] •

بەڵام پێش ئەوەی ئەم نهێنی‌یە ئاشکرا بکەین‌و ڕوونی بکەینەوە ، دەمانەوێ ئەمەی خوارەوە بخەینە پێش چاو :

لە ساڵی ١٣٣٨هـ (١٩٢٢ز)دا بانـگیان کردم بۆ ئەنقـەرە ، منیش ڕۆشتم ، وە لە ئەنقەرەدا دڵخۆشی‌و شادمانی‌ی ئیماندارانم بینی بە بۆنەی سەرکەوتنی سوپای ئیـسلامەوە بەسـەر یۆنانی‌یەکاندا •• بەڵام لە هەمان کاتدا تەماشام کرد بێ بڕوایی‌و ئیلحادو زندیقێتی (الزندقة) بە چەشنێکی سامناك لــە جمەوجووڵدایەو خەریـکە لە ڕێـگای بەکـارهێنانی فرووفێڵ‌و لەخشـتە بردنەوە جێـگای چەمکەکان (المفاهیم)ی خــۆی لــەناو دڵ‌و

دەروونو بیرو باوەڕی دامەزراوی ئیمانداراندا دەکانەوە ، بۆ ئەوەی ئیمانداران لەخشتە بەنو بیروباوەڕیان زاراوی بکەن ..

منیش کە ئەمەم بینیو هەستم پێ‌کرد ، لە ناخی دڵمەوە داخو خەفەت دایگرتمو ، لە دەست ئەم دێوە ساماکەی کە دەیەوێ پەلاماری بایەو بنچینەکانی ئیمان بدات ، هاوارو هانام بردە لای خوای گەورەی بەدەستەڵاتو پەنام بەم ئایەتە پیرۆزە بردو دەستم پێوە گرت . ئەوە بوو نامیلکەیەکی بچووکم بە زمانی عەرەبی داناو لە چاپخانەی (ینی کون)ی ئەنقەرە لە چاپمداو بڵاووم کردەوە ، کە بەدیهی‌یەتی بوونی خوای گەورەو یەکایی‌ی ئەووم تیا چەسپاندبوو ، بە هۆی ئەو بەڵگە پتەوانەی کە لە نووری قورئانی پیرۆز وەرم گرتبوونو سەری ئەژدیهای زندیقتیم پێ کوتابوونەوەو لەو نامیلکەیەدا باسم کردبوون ..

بەڵام سەیرم کرد شوێنەواری ئەو بەڵگە پتەوانە لە بەرگری کردنی ئیلحادو زندیقتیدا دەرنەکەوت ، چونکە ئەو نامیلکەیە کە چاپم کردبوو تا بڵێی کورت بوو ، سەرەڕای کەمی‌ی ئەوانەش کە زمانی عەرەبیان دەزانی‌و بایەخیان پێ دەدا . لەبەر ئەمانە وەهمو خەیاڵەکانی ئەو ئیلحادە ـ بە داخەوە ـ پتر لە بڵاوبوونەوەو بەهێز بووندا بوون . ئەمەش ناچاری کردم کە ئەو بەڵگانە بە زمانی تورکی‌و بە جۆرێکی درێژترو ڕوونتر سەر لە نوێ بنووسمەوە . کە نووسیشمەوە ئەم پەیامەی بەر دەستی خوێنەر دەرچوو .

جا لەبەر ئەوەی هەندێك لەم بەڵگانە لە هەندێ پەیامی تردا ڕوون کراونەتەوە ، ئەوا لێرەدا بە کورتی باس دەکرێن . هەندێکی تریش لەو بەڵگانەی کە لە پەیامەکانی تردا بڵاو بوونەتەوە ، لێرە دەرکەوتوونەتەوە ، وەك بڵێی هەر کام لەو پەیامانە بەشێکی ئەم پەیامەن .

پێشەکی :

کاکی مرۆڤ !

بزانەو ئاگاداری ئەوە بە کـە چـەند ووشەیەکی سامناك هەن لـە زاری خەڵـکی‌یەوە دەردەچن‌و بۆنی بۆگەنی کوفریان لێوە دێت ، وە لـە سـەر زاری ئەهلی ئیمانیشدا تەشەنەیان کردووە ، بە بێ ئـەوەی بە خۆیان بزانن ، یاخود هەست بە بۆگەنیی ئەو ووشانە بـکەن •• وا ئیمەیش تەنها سیانی گرنـگیان باس دەکەین :

یەکەمیان : ئەوەیە کە دەڵێن : « هۆکان دروستیان کردووە » ، واتە : هۆکان شت دروست دەکەن •

دووهەمیان : « لە خۆیەوە دروست بووە » ، واتە : هەرچی شت هەیە خـۆی خـۆی دروست کردووەو لە خۆیەوە پەیدا بووە ، هەر بەو چەشنەش کۆتاییی پێ دێت •

سێهەمیان : « سرووشت داخـوازی بووە » ، واتـــە : شتێـکی سرووشتی‌یەو سرووشت بەدیی هێناوە •

بەڵێ ، مادەم بوونەوەران (الموجودات) هەن‌و ، لە بەرچاومـاندان بە چەشنێ کـە هەرگیز وە بە هیچ شتێك ڕێـگای سەرپێچی کردن لـە

بوونیاندا نیه •• وە مادەم هەموو ئەو شتانەی لە بوونەوەردا هەن ، بەو پەڕی ڕێك‌و پێکی‌و حیکمەتەوە دێنە جیهانی « بوون » ، وە هیچ کامیشیان ئەزەلی نیه ، بەڵکوو هەموو تازەو دروست کراوون ••

مادەم ئەمە حاڵی بوونەوەرانە ، ئیتر تۆش ـ ئەی کاکی مولحید ! ـ تەنها چوار ڕێگات لەم مەسەلەیەدا لە بەردەمدایە :

یان ئەوەیە دەڵێیت : هەر شتێك لە جیهانی بووندایە ـ با بڵێین تازەڵێك بێت ـ هۆکانی ناو ئەم جیهانە دروستی دەکەن • واتە لە ئەنجامی کۆ بوونەوەی هۆ ماددی‌یەکانەوە بوونی دەست دەکەوێت ••

یان دەڵێیت : خۆی لە خۆیەوە پێك هاتووە ••

یان دەڵێیت : لەسەر داخوازی‌و بە کاریگەری‌ی سرووشت دێتە ناو جیهانی بوونەوە ••

وەیان ئەوەیە باوەڕت بە هیچ کام لەمانە نیە ، ئەو کاتە دەبێ بڵێیت : « توانستی خواوەندی بەدیهێنەری بە توانا دروستی دەکات‌و بوونی پێ دەبەخشێ » •

چونکە بە پێی تەرازووەکانی ژیری جگە لەم چوار ڕێگایە هیچ ڕێگایەکی‌تر لە گۆڕێدا نیە بۆ لێکدانەوەی دروست بوونی بوونەوەران •

جا ئەگەر بە شێوەیەکی بێ گومان ئەوەمان بۆ چەسپا کە سێ ڕێگاکانی پێشوو بەتاڵ‌و مەحاڵ‌و نەگونجاوون ؟ ئەوا بە پێی زەروورەت‌و بەداهەت ڕێگای چوارەم دەچەسپێ ، کە بریتی‌یە لەو ڕێگایەی « بوون » و « یەکایی »ی بەدیهێنەر بە جەشنێکی بێ‌گومان دەچەسپێنێ •

ڕێگای یەکەم

ڕێگای یەکەم ئەو ڕێگایەیە کە دەڵێ : « کۆبوونەوەی هۆکانی جیهان دەبنە هۆی دروست بوونی بوونەوەران و ئەو شتانەی لە بوونەوەراندا هەن » .

ئێمەش لە نێوان ئەو مەحاڵە زۆرانەی کە لەم ڕێگایەدا هەن ، تەنها سیانیان باس دەکەین :

مەحالی یەکەم :

هەر دەرمانخانەیەك بگریت سەدان شووشەی پڕ لە ماددەی جۆراوجۆری تێدایە ..

جا ئەگەر بێت و پێویستییەك هاتە ئاراوە بۆ پێکهێنانی هەویرێکی زیندەکاری (معجون حيوي) لەو ماددەو دەرمانانە ، وە پێویست بوو ماددەیەکی زیندەکاری دژ بە ژەهرەکانیان لێ پێك بهێنرێ . با وا دابنێین پێویستییەکی وا ڕوویداو بۆ ئەم مەبەستە ڕۆشتینە ناو دەرمانخانەیەك ..

جا کە چووینە ناو ئەو دەرمانخانەیە ، چەندین جۆرمان لەو

هەویرە زیندەکاری‌یەو لەو ماددە زیندەیەی کە دژ بە ژەھرەکانە تیا دەسکەوت • پاشان کە دەستمان کرد بە شیتەڵ کردنی ھەر کام لەو ھەویرانە ، بۆمان دەرکەوت کە ھەر یەکەیان بەو پەڕی ووردی‌یەوە لە چەند ماددەیەکی جیا جیای ناو ئەو شووشانە ، وە بە پێی تەرازوویەکی دیاری کراو پێك ھاتووەو بوختە کراوە : گرامێك لەم دەرمانەو سیان لەو و شەش حەوتێ لەوی تر ، بەم جۆرەو لە ھەر کام لەو دەرمانانە ئەندازەیەکی تایبەتی‌یان لێ وەرگیراوە ، بە جۆرێك کە ئەگەر بھاتایەو بە ئەندازەی بەشێك لە یەك گرام زیاتر یان کەمتر بووایە ئەو ئەدگارە زیندەکاری‌یەی تیا پەیدا نەدەبوو ••

پاشان ئەو ماددە زیندەکاری‌یەی کە دژ بە ژەھرەکانە ، ھێنامانو لێی وورد بووینەوە ، بۆمان دەرکەوت کە ئەویش بە چەند ئەندازەیەکی دیاری کراو و بە پێی چەند تەرازوویەکی ھەستیار پێك ھێنراوە ، کە ئەگەر بھاتایەو بە قەدەر گەردێك زیاد یان کەم بووایە ، ئەوا تایبەتکاری‌یەکانی خۆی لە دەست دەدا • واتە ئەو ماددە جیا جیایانە بە چەند ئەندازەیەکی جیا جیاو بە چەند تەرازوویەکی ھەستیارو وورد ئامادە کراوون •

جا ئایا دەچێتە عەقڵی ھیچ خاوەن عەقڵێکەوە کە ئەو ھەویرەی ئاوا بەم چەشنە ھەموو بەشێکی بە ووردی حساب کراوەو لێك دراوەتەوە ، بە ھۆی ڕێکەوتێکی سەیرەوە پەیدا بووبێت ، یان لە ئەنجامی ھەڵکردنی ڕەشەبایەك بەسەر ئەو دەرمانخانەیەدا ئەو شووشانە کەوتبن بە سەر یەکداو ئەو ئەندازە دیاری کراوانەی ئاوێتەی یەکتر کردبێ‌و بەم جۆرە ئەو ھەویرە زیندەکاری‌یەی پێك ھێنابێ ؟!!

ئایا مەحاڵی لەمە سەیر ترو ، خورافەتی لەمە خراپترو ، ناحەقی

لەمە ناحەق‌و ناڕەواتر هەیە ؟ بگرە ئەگەر بێت‌و کەرێتی‌ی کەر چەندین ئەوەندەی خۆی زیاد بکات‌و ، پاشان کالاّی مرۆڤانە لەبەر بکات ؟ ئەوا هەتا لە توانایدایە لە دەس ئەم کەرێتی‌یە هەڵدێت‌و ڕەفزی ئەم جۆرە بیرکردنەوە نزم‌و سەرشۆڕکەرانە دەکات !!

جا لە ڕووناکی‌ی تیشکی ئەم نموونەیەدا دەڵێین :

هەر زیندەوەرێك بگری ، بریتیە لە پێکهاتوویەکی زیندەکارو هەویرێکی خاوەن ژیان . وە هەر ڕووەکێکیش وەك دەرمانێکی زیندەکاری دژ بە ژەهران وایە . چونکە لە چەند بەش‌و ماددەیەکی جیا جیاو بە پێ‌ی چەند تەرازوویەکی تا بڵێ‌ی ووردو هەستیار پێك هێنراوە . هیچ گومانیش لەوەدا نیە کە گێڕانەوەی دروست بوونی ئەم زیندەوەرە جوان‌و پڕ لە ووردەکاری‌یە ، بۆ ماکەکان هۆ ماددی‌یەکان ، شتێکی بەتاڵ‌و مەحاڵ‌و نەگونجاوە‌و لە هەموو تەرازوویەکی عەقڵی‌یەوە تا بڵێ‌ی دوورە ، بە چەشنی مەحاڵی‌ی پێك هاتنی ئەو هەویرە زیندەکارە لە ڕێگای تێکەڵ بوونی ئەو ماددانەی ناو شووشەکان لە خۆیانەوە .

بە کورتی :

ئەو ماددە زیندەکارانەی کە بە تەرازووی قەزاو قەدەری خاوەندی زانای دانا لەم جیهانەدا ـ کە وەك دەرمانخانەیەکی گەورەو بێ وێنە وایە ـ ئامادە کراوون ؟ تەنها بە حیکمەتێکی بێ کۆتایی‌و زانستێکی بێ سنوورو ویستێکی گەورەی دەستەلاّتدار نەبێ هەرگیز دروست نابن .. دەنا ئەو کەسەی کە دەڵێ : « ئەو شتانەی لە بوونەوەردان بەرهەمی ماکە هاتوچۆکەرو کەڕو کوێرو لافاو ئاساکانی بوونەوەرن ، یان لە سرووشتی شتەکاندان ، یان هۆ ماددی‌یەکان بەرهەمی هێناوون » ئەو کەسەی قسەی وای لە دەم دەردەچێ ؟ دەبێ لەو بەڕێ

نەفامیدا بێتو لەو سەرخۆشە مەستە بێ عەقڵتر بێت کە دەڵێ : ئەو دەرمانو هەویرە سەیرە لە ئاکامی لەیەك کەوتنو تێکەڵ بوونی ماددەکاندا دروست بوون •

ئایا ئەو کوفرەی کە لەم قسانەدا هەیە بەڵگەی ئەوە نیە کە ئەو کەسەی دەیانکات لەو پەڕی شێتیو سەرخۆشیو بێ عەقڵیدایە ؟!

مەحالی دووەم :

ئەگەر بەدیهێنانی هەموو شتێك لە بوونەوەردا بۆ خوای تاكو تەنهای خاوەن گەورەییو دەسەڵات نەگێڕێتەوە ، وە بدرێتە پاڵ هۆ ماددی یەکان ؛ ئەوا ئەو کاتە دەبێ زۆربەی ماکەکانی بوونەوەرو هۆکانی لە هەموو خاوەن ژیانێکدا دەخڵو کاریگەری یان بێ • کەچی کۆ کردنەوەی هەموو هۆ دژ بە یەكو جیا جیاکان بە ڕێكو پێکی یەکی تەواو ، وە بە تەرازوویەکی تایبەتی لە لەشی دروستکراوێکی وەك مێشدا ، ئەوەندە شتێکی مەحاڵە کە هەر کەسێك بە ئەندازەی باڵە مێشێك دارای ژیری بێت بە ئاشکرا ڕەفزی دەکاتو پڕ بە دەم دەڵێت : ئەمە شتێکی مەحاڵو بەتاڵەو هەرگیز ناگونجێ •

چونکە تەنی بچووکی مێش لەگەڵ زۆربەی ماکەکانی بوونەوەرو هۆ ماددی یەکانیدا پەیوەندیدارە • بگرە لە ڕاستیدا کورتەو پوختەیەکی ئەو ماکانەیە • جا ئەگەر بەدیهێنانو دروستکردنی مێش بۆ توانستی ڕەهای خوا نەگێڕێتەوە ، ئەوا ئەو کاتە دەبێ هەموو هۆ ماددی یەکان لە کاتی دروستکردنی ئەو مێشەدا یەکسەر بە کۆمەڵی لە تەنیشتیدا ئامادە بن ، بەڵکوو دەبێ بچنە ناو تەنە لاوازەکەیەوە ، بەڵکوو لەوەش زیاتر ، دەبێ بچنە ناو هەموو خانەو یەکەیەکی

بێك هاتن لە لەشی ئەو مێشەدا ٠ چونكە هۆكان ئەگەر ماددی بن ئەوا دەبێ لە نزیكو لە ناو شتە كارتێكراوەكانیاندا ئامادە بن ٠ خۆ ئەگەر ئەمەش ڕوویدا،ئەوا دەبێ چوونی هەموو ماكە دژ بە یەكەكانی بوونەوەر بە ڕێكو پێكییەوە بۆ ناو ئەو خانەیەی كە تا بڵێی ووردو بچووكە ؟ دەبێ ئەمەش لە چوارچێوەی ژێریدا بە شتێكی ڕەوا بزانین !

بەم جۆرە بۆمان دەركەوت ئەم ڕێڕەوە بە جەشنێكە كە بێ عەقڵترینو گێلترین كەسیش لە پێڕی سۆفستائییەكان[1] شەرمی لێ دەكاتو هەرگیز نایگرێتە بەر ٠

مەحالی سێهەم :

ئەگەر بوونی بوونەوەران (لە بارەی ڕێكو پێكیو ، لەگەڵ یەك گونجانو ، شكڵو شێوەیانەوە) لەسەر یەك ڕەوەت بوون ، ئەوا

---

(١) سۆفستائییەكان تاقمێك بوون لە فەیلەسووفەكانی پێش « سوقرات » لە یۆناندا ٠ ئینكاریی حەقیقەتی شتانیان كردووەو لایان وا بووە كە حەقیقەتی هەرشتێك سابتو دامەزراو نییە ٠ (جۆرجیاس)و (برۆتاجۆراس) بەناوبانگترینی فەیلەسووفە سۆفستائییەكانن ٠ ئەم تاقمەش لەناو خۆیاندا چەند بەشێكن ، كاتی خۆی « سوقرات » زۆر بە توندی ڕەددی داونەتەوە ٠ بەڵام ئەوەندە هەیە كە ئەم جۆرە كەسو بیروڕایانە لە هەموو سەردەمێكدا بە كاڵای نوێو ناوی جۆراو جۆرەوە پەیدا دەبنەوە ٠٠ بۆ زیادە ئاگاداری سەیری ئەم سەرچاوانە بكە : « شرح العقائد النسفية » لسعد الدين التفتازاني ص ٢٣ ـ ٢٥ طبعة تركيا سنة ١٣٢٦ هـ ٠٠ « كشاف اصطلاحات الفنون » للتهانوي ج ١ ص٦٦٥ طبعة كلكته عام ١٨٦٢ م ٠٠ « الموسوعة الفلسفية الميسرة » ج ١ ص ١٠٣٤ طبعة دار نهضة لبنان / بيروت سنة ١٩٦٥م ٠

(وەرگێر)

دەبێ یەك دەست دروستی کردبێتن ، بە پێی ئەو قاعیدە ئاشکرایەی کە دەڵێ : « تاك ، تەنها لە تاکەوە دەردەچێ » .

جـا ئەگـەر هاتو ئەو بوونەوەرە لـەو پـەڕی ڕێكو پێـکیو وردەکاریدا بێتو ، بە تەرازوویەکی ورد بەدیهێنرابێو ، خـاوەنی ژیانێـکی گشتی بێت ؛ ئەوا بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێت کـــە چـــەند دەستێـکی جیا جیا کاریان تیا نەکردووە . چونـکە ئەوە دەبێتە هـۆی داکۆکیو جیاوازی لە نێوانیاندا . بەڵـکوو ئەوە دەردەخات کە تەنهـا دەستکردی یەك کەسی بە تواناو خاوەن حیکمەتە .. جا لەبەر ئەمـە ، گێڕانەوەی بەدیهێنانی ئـەم بوونەوەرە ڕێكو پێكو تاكو بە تەرازەووە بۆ دەستی هۆ سرووشتی‌یە کەڕو کوێرو بێ گیانەکان (ئەو هۆیانەی کە هیچ هەستو هۆشێـکیان تێـدا نیـەو ، داکۆکیو جیـاوازی‌یەکەی نێوانیشیان پتر بەرە بە کـەڕیو کوێری‌یان دەسێنێ) ، پاشان ئیدیعـا کردنی ئەوەی کـە ئەم هۆیانەن هەڵدەستن بە بەدیهێنانی ئەو بوونەوەرە ڕێكو پێـکەو هەڵبژاردنی لـە نێوان چـەند گونجانو ئیحتیمالێکی لـە ژمـارە بەدەردا ؛ گێڕانەوەی دروست بوونی ئەم بوونەوەرە بۆ ئـــەو هۆیانەو ، ئیدیعا کردنی ئەمـە ، لە ڕاستیدا بریتی‌یە لە قبوولـکردنی سـەد مەحـــاڵ ، وە ئیدیعایەکـــە تا بڵێی لـە هەموو تەرازوویەکی ژیری‌یەوە دوورەو هەرگیز عەقڵ وەری ناگرێ .

وەرە با واز لـەم مەحاڵە بێنین .. با سەیرێکی کاریگەری‌ی ئەو هۆیانەبکەین کە بە لێك کـــەوتن (التماس) ڕوودەدات ، ئەوەتا ئـــەو لێك کەوتنە تەنها لێك کەوتنێـکە لە ڕواڵـەتو ڕووی دەرەوەی ئـــەو بوونەوەرە زینـدووە . کەچی دەبینین ناوەوەی ئەو بوونەوەرە کـــە هەرگیز دەستی هۆماددی‌یەکان ناتوانن بیگەنێ ؛ زۆر زۆر لە وێنـــەی

دەرەوەی ئەو زیندەوەرە ڕێك و پێکترو ئاڵوزترەو تا بشڵێی ناسك و نەواوترە • بەڵکوو ئەو زیندەوەرە بچووك و ووردانەی کە هەرگیز هۆ ماددی‌یەکان ناتوانن بیانگرنە خۆو بە هیچ جۆرێ دەستیان ناگاتێ ؛ زۆر سەیرترو ڕێك و پێکترن لە بوونەوەرە هەرە گەورەکان •

کەواتە ئیتر گێڕانەوەی دروست کردنیان بۆ لای هۆ کەڕو لاڵ و ڕەق و تەق و نەستوورو نەزان و دوور لە عەقڵ و دژ بە یەکەکان ، تەنها ئەو پەڕی کەڕو کوێری‌یەوە نەبێ لە هیچی ترەوە نیە !

ڕێـگای دووهەم

مەسەلەی دووهەمیش کە بریتی‌یە لە ڕستەی (خۆی لە خۆیەوە پێك هاتووە) ئەویش هەروەها چەندین مەحالی زۆری تێدایە ، وە لە چەند لایەنێکی زۆرەوە دەردەکەوێ کە شتێکی نەگونجاو و بەتاڵە . بەڵام ئێمە تەنها سیان لەو مەحاڵانە بۆ نموونە باس دەکەین :

مەحالی یەکەم :

ئەی سەرکەشی کەللەڕەق !

ئەو سەرکەشی‌و لەخۆ بایی بوونەت تۆی خستۆتە ناو باوەڕی بێ عەقلی‌یەکی تا بڵێی زۆرەوە ، تا وای لێ‌کردوویت کە باوەڕ بە سەد مەحاڵ بکەیت !

ئەی برای مرۆڤم ! بە بێ هیچ گومانێك تۆ هەیت ، هەروەها گومان لەوەشدا نیە کە تۆ ماددەیەکی ساکاری ڕەق نیت تا ئاڵو گۆڕت بەسەردا نەیەت ، بەڵکوو کارگەیەکی گەورەی ڕێك‌و پێکی لەوتۆیت کە ئامێرەکانت هەردەم لە تازەبوونەوەدان . هەروەها وەك کۆشکێکی گەورە وایت کە هەردەم لایەنەکانی لە جمو جووڵەو

فراوان بوونو تازەبوونەوەدان ، چونکە خانەکانی لەشت بە بێ هیچ وەستانێك هەمیشە لە کارو کۆشش‌دان ، وە پەیوەندی‌یان لەگەڵ ڕواڵەتەکانی بووندا لە بوونەوەری دەوروبەرتدا هەیە . کەواتە هەمیشە لە بەخشین‌و وەرگرتندایە لەگەڵ بوونەوەراندا ، بە تایەتی لە لایەنەکانی ڕۆزی‌و مەسەلەی مانەوەی جۆر (نوع)ی ئینسانی‌یەوە .

ملیۆنەها خانەی کارگوزاری ناو جەستەت لە کارکردن ناوەستن‌و خەریکی پارێزگاری کردنی بەردەوام بوونی کارلێکەکانی نێوان خۆیان‌و ئەو وردەکاری‌یانە دەبن کە لە نێوانیاندا هەیە . وە لە هەوڵی ئەوەدان کە هەرگیز پەیوەندی‌یەکانی نێوانیان نەبچڕێت . واتە زۆر بە لەسەرخۆیی‌و مەترسی‌یەوە ئەم کارانە دەکەن‌و هەڵوێستێکی وا دەگرن کە لەگەڵ ئەو پەیوەندی‌یانەی نێوانیان گونجاو بێت . وەك بڵێی ئەم خانانە سەیری هەموو بوونەوەران دەکەن تا جێگای تۆی تیا ببینن‌و ، بە جۆرێك هەڵس‌وکەوت بکەن کە سوودی تۆی تیا بێ . . ئیتر تۆیش لە جێگای خۆتداو بە پێی ئەو حاڵەتانەی کە ئەو خانانەی لەشت تیایدان ، سوود وەردەگری‌و لەزەت لە هەستە دیارو نادیارەکانت دەبینی .

جا ئەگەر باوەڕت وا نەبێ کە ئەو خانانەی لەشت بریتین لە چەند فەرمانبەرێکی بچووك لە لایەن خواوەندی بە دەستەڵاتی ئەزەلی‌و چەند کاربێ‌سپێرراوێکی گوێڕایەڵ بۆ یاساکانی خوا ، یان چەند سەربازێك لە سوپای ڕێك‌و پێکی خوادا ، یان نووکەکانی قەڵەمی قودرەتی خوا ، یان چەند نوختەیەك کە قەڵەمی توانستی خوا دەیانکێشێ‌و دەیانووسێ ؟ ئەگەر باوەڕت وا نەبێ ، مانای وایە دەبێ باوەڕت وا بێت کە هەرچی خانەی کارگوزار (بۆ نموونە لە چاوتدا) هەن ، هەریەکەیان

چاوێکی فراوانی بینەری ئەوتۆی هەیە کە هەموو بەش و لایەنەکانی لەشت دەبینێ و چاوی لە هەموو ئەو بوونەوەرانەیە کە پەیوەندیت لەگەڵیاندایە ، وە ئاگاداری ڕابوردوو و تێتاو ئایندەی تۆیەو ، باوك و باپیرو بنەچەت لەگەڵ منداڵ و بەرەو وەچەکانت دەناسێت و ، سەرچاوەی ئەو ماکانەی تۆی لێ پێك هاتوویت و ئەو خەزێنانەی کە ڕۆزیی تۆیان لێوە دێت ، هەموو دەزانێ .. کەواتە بەم پێیە هەرچی خانەی کارگوزار لە جەستەتدا هەن هەریەکەیان خاوەنی عەقڵ و زیرییەکی گەورەیە !!

جا ئەی ئەو کەسەی کە باوەڕی بەشتیواهەیەو ، لە ڕاستیدا بە ئەندازەی یەك خانە دارای ژیری نیە !

ئایا نیسبەت دانی ئەم هەموو عەقڵ و شعوورو ژیرییەی کە ملیۆنێك ئەفلاتوون نیانە ، نیسبەت دانی ئەم هەموو عەقڵ و شعوورو ژیریە لە گەردیلەیەکی جەستەی خۆت ، ئەفسانەو سەرشێتی و بێعەقڵییەکی لەڕادە بەدەر نیە ؟

مەحالی دووهەم :

ئەم بوونەی تۆ وەك کۆشکێکی گەورەی ئاوەدان وایە کە هەزار گومەزی تیا بێت و ، هەریەك لەو گومەزانەش بە ڕێك و پێکی و بە بێ هیچ ستوونێك یەکیان گرتێت و چەندین بەردیان پیا هەڵواسرابێ . بگرە جەستەی تۆ هەزار ئەوەندەی ئەم کۆشکە سەرسوڕهێنەر ترە . چونکە کۆشکی جەستەت هەمیشە بەرەو جوانتر دەڕوات و زۆر بە ڕێك و پێکی لە تازەبوونەوەدایە .

خۆ ئەگەر بێت و سەرنج لەو ڕۆحە نەدەین کە لە تۆدایەو خۆی لە خۆیدا موعجیزەیەکی سەربەخۆیە ، هەروەها لەو دڵ و (لطائف)،

مەعنەوی‌یانەش کە لە تۆدان ؟ ئەگەر سەرنج لەمانە نەدەین‌و تەنهـا یەك ئەندام لە نێوان ئەندامەکانی لەشتدا بگرین ، ئەوا دەبینین ئەو ئەندامە وەك خانوویەك وایە کە چەند گومەزێکی تیا بێ ، چونکە ئەو خانانەی کە لەو ئەندامەدان وەك بەردی گومەز بەو پەڕی ڕێك‌و پێکی‌و جوانی‌و ووردەکاری‌یەوە یەکیان گرتووەو بینایەکی تا بڵێی جوانیان پێك هێناوە ، وە بەمەش یەکێك لە موعجیزەکانی دەسەڵات‌و توانستی خواوەندیان (وەك چاو یان زمان) دەرخستووە ..

جا ئەگەر ئەم خانانەی لەشت لە لایەن خواوە کاربێ‌سپێرراو نەبن‌و گوێ‌ڕایەڵی فەرمانەکانی خواوەندی بەدیهێنەر نەبن ؟ ئەو کاتە دەبێ هەریەك لەو گەردیلانە بە سەر ئەوانی تردا فەرمانڕەوابێت‌و لە هەمان کاتیشدا فەرمان بە سەردادراوی ئەوان بێت ! واتە لە ڕوانگەی دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی‌یەوە لەوانی تر بچێت‌و کەچی دژیشیان بێت ! وە دەبێ زۆربەی ئەو سیفەتانەی کە تەنها شایستەی خوان ، لەو ئەتۆمەدا بن . وە دەبێ لە یەك کاتدا سەربەستیش‌و دەست بەسراویش بن !

جا هەرکەس بە ئەندازەی ئەتۆمێك شعووری بێ ، دەزانێ کە هەرگیز ناگونجێ بەدیهێنانی ئەو بەدیهێنراوە ڕێك‌و پێکە (کە یەکێکە لەو شوێنەوارانەی پەنجە بۆ تاك‌و تەنهایی‌ی بەدیهێنەریان درێژ دەکەن) بدرێتە پاڵ چەندین خانەی زۆرو لەژمارە بەدەر . بگرە کە بیر لەمە دەکاتەوە سەد مەحاڵی تیا دەبینێ .

مەحاڵی سێ‌هەم :

ئەگەر ئەم جەستەیەی تۆ بە قەڵەمی خواوەندی تاك‌و تەنهـاو خاوەن توانستی ئەزەلی نەنووسرابێت‌و ، لە چاپخانەکانی سرووشت‌و

مۆکاندا لـە چـاپ درابێت ، ئـەوا دەبێ ـ لەو حاڵەتەدا ـ بە ئەندازەی ژمارەی ئەو پێکهاتووە ڕێك و پێکانەی جەستەت ، هەر لە بچووکترین خـــانەی کارگوزاریەوە تا دەگـاتە گەورەترین و فراوانترین ئامێـری کرکێپ تیایدا ، قاڵبی سرووشتی بن بۆ دروستکردن و بەدیهێنانیان ..

با ئـەم کتێبەی بەر دەستمان بە نموونە بهێنینەوە تا لـەم مەحاڵە تێ بـــگەین :

ئەم کتێبە بە دەست نووسراوەتەوە ، کەواتە نووسەرەکەی تەنهـــا یــەك دانـە قەڵەمی بەســە تا بیگرێ بە دەستەوە و ئەوەی مەبەستی‌یەتی بە زانیاری‌ی خۆی پێ‌ی بنووسێتەوە . بەڵام ئەگەر وا نەزانرێ کە تەنهـا بە یەك قەڵەم و بە دەستی یەك نووسەر نووسراوەتەوە ، وە وا دابنرێ کـە خۆی لە خۆیەوە پێك هاتووە ، یان بە کردەی سرووشت دابنرێ ؟ ئـــەوا دەبێ هــەر پیتێکی ئەو کتێبە قەڵەمێکی کانزایی‌ی تایبەتی خـــۆی بێ . واتە وەك ئـەو پیتە کانزایی‌یانەی کە لە چاپخانەکاندا هەن و بە ئەندازەی ژمارەی پیتەکان و بە گوێرەی شێوەو شکڵیانن ؟ دەبێ وەك ئەمـە ، بـە ئەندازەی پیتەکانی ئـەم کتێبەو شێوەو شکڵیان قـەڵەم بۆ ئەم مەبەستە بێ . بـە واتایەکی تر : لـــە بری یەك دانـە قەڵەم بۆ نووسینەوەی ئەم کتێبە ، دەبێ بە ئەندازەی پیتەکانی خۆی قەڵەم بێ .

کاتی واش دەبێ هەندێك لەو پیتانە بە ئەندازەی لاپەڕەیەکی تەواو شتی تیا نووسراوەتەوە . جا لە حاڵەتێکی وادا دەبێ بۆ نووسینی ئـــەم جۆرە پیتە گەورانە هەزاران قەڵەمی وورد بن تا ئەو پیتانە بنووسن ..

جا ئێستاش ئەگـەر ئەو پیتانە بە جۆرێکی ڕێك و پێك یەکیـــان گرتبێ و جـــووبن بەناو یەکتریداو شێوەو شکڵی جـــەستەی تۆیان وەرگرتبێت ؟ دەبێ لە هەر بەشێك لە بەشەکانی جەستەتداو لـە هـــەر

فەرمانگەیەکیدا ، بە ئەندازەی ئەو پێکهاتووانەی لە ژمارە نایەن قاڵب ئەبن تا پێکیان بهێنن !

وا دابنێ لەم حاڵەتەشدا کە مەحاڵێکەو سەد مەحاڵی تری لێ دەبێتەوە ، تۆ دێیتو دەڵێیت : دەگونجێ ڕوو بدات .. بەڵام ئایا لەم کاتەشدا ـ واتە کە نووسینی کتێبەکە نەگێڕرێتەوە بۆ یەك قەڵەم ـ خودی ئەو قەڵەمو پیتە کانزایی‌یانە پێویستیان بە چەند قەڵەمو قاڵبو پیتێك نابێ بە ژمارەی خۆیان تا دروستیان بکەن ؟ چونکە ئاشکرایە کە هەموویان دروستکراونو پێویستیان بە بەدیهێنەرو دروستکەرێك هەیە تا بەدیان بهێنێو دروستیان بکات ..

ئیتر بەم جۆرە تا درێژەی پێ بدەیتو لێی بکۆڵیتەوەو پتر لێی توول بیتەوە ؛ ئەوا زیاتر درێژە دەکێشێو زنجیرە لە دوا زنجیرەی تری لێ دەبێتەوە !

دەسا تۆیش لە ڕوانگەی ئەم نموونەیەوە لە ڕادەی لاوازیو هەڵەیی ئەم بیروڕایە تێ بگە کە بە ئەندازەی خانەکانی جەستەت خورافەتو مەحاڵی تێدایە ..

جا ئەی ئەو کەسە سەرکەشو کەللەڕەقەی کە عەقلی خۆی لە کار خستووە !

تۆیش شەرم بکەو واز لەم گومڕایی‌یە بهێنە .

ڕێـگای سێهەم

ووشەی سێهەمیش کە دەڵێ : « سرووشت داخوازی بووە » واتە لەسەر داخوازی سرووشت هاتۆتە دی ، ئـەم حوکمەش چـەندین ئەحاڵی زۆری تێدایە ، بەڵام تەنها سیانیان بۆ نموونە باس دەکەین :

ئەحاڵی یەکەم :

ئەگـەر بێت‌و ئـەو ڕێك‌و پێـكی‌و بەدیهێنانەی کـە لـە ناو بوونەوەران بە تایبەتی زیندەوەراندا بە ئاشکرا دەبینرێن ، وە حیکمەت‌و بەصیرەتیان بە جوانی تیا بەدی دەکرێ ، ئەگەر بێت‌و ئەمانە بۆ قـەڵەمی قـەدەرو توانستی خوا نەگێڕینەوەو ، بدرێنـە پاڵ سرووشتی کێل‌و وێل‌و کـەڕولاڵ ، یان هێزی ئـەو سرووشتە بێ هەستە ، ئـەوا دەبێ سرووشت لە هەموو شتێکدا چەندین کارگەو چاپخانەی لە ژمارە بەدەر دروست بـکات ، یان لە هـەموو شتێکدا تواناو دەستەڵاتێـکی ئـەوتۆ دابنێت کـە بتوانێ هـەموو بوونەوەر (الـکون) دروست بـکات ، وە حیکمەتێـکی کارگێڕی کارامـە لە هەموو شتێکدا بەدی بهێنێ بۆ بەڕێوە بردنی کاروبارەکانی بوونەوەر .

بۆ نموونە :

درەوشاندنەوەی تیشکی خۆر کە لەسەر هەموو دڵۆپە ئاوەکان و لەسەر ووردە شووشە پەرش و بڵاوەکاندا دەردەکەوون ، وەکوو چەند خۆرێکی بچووك لە بەر چاودا خۆیان دەنوێنن • جا ئەگەر ئەم درەوشاندنەوەو تیشکدانەوانە نەگێڕرێنەوە بۆ ئەو خۆرە ڕاستەقینەو تیشکدارە ، ئەوا دەبێ باوەڕ بەوە بکرێ کە لە هەموو دڵۆپە ئاوێك و پارچە شووشەیەکدا خۆرێکی ڕاستەقینەو سرووشتی بێ ، کە هەموو سیفەت و ئەدگارەکانی خۆری ڕاستەقینەی ناو جەرگەی ئاسمانی تیا بێت • واتە : دەبێ باوەڕ بەوە بکرێ کە بە ئەندازەی ئەتۆمەکانی ئەو پارچە شووشانە خۆری ڕاستەقینە لەو شووشانەدا بێ !

ئێستاش لەبەر ڕووناکیی ئەم نموونەیەدا دەڵێین :

ئەگەر بەدیهێنانی بوونەوەران و زیندەوەران یەکسەر نەدرێتە پاڵ درەوشاندنەوەی ناوە جوانەکانی نووری ئەزەلی ، کە خوای گەورەی بەدەستەڵاتە ، ئەوا دەبێ باوەڕ بە سرووشتێکی ئەوتۆ بکرێ کە لە هەموو بوونەوەرێکدا (بە تایبەتی لە زیندەوەراندا) ویستێکی ڕەهاو زانستێکی ڕەهاو حیکمەتێکی ڕەهای بێ • واتە دەبێ باوەڕ بە بوونی خوایەك لە هەموو بەشێکی بوونەوەردا بکرێ !!

خۆ دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوە نەزۆکانە لە هەموو مەحاڵێکی تر بەتاڵترەو پتر خورافەتی تێدایە •

بێ گومان ئەو کەسەی کە ئەم هەموو سنعەت و وردەکارییانەی خوای گەورە ـ کە لە بچووکترین شتێشدا بە ئاشکرا دەبینرێ ـ دەگێڕێتەوە بۆ سرووشتێکی وەحشی و بێ بایەخ و هەست و شعوور ، مانای

وایە بەم کردارەی وای لە خۆی کردووە کە بەرەو نزمترین پلەی لــە ئاژەڵ پەست تر دەڕواو نزم دەبێتەوە • واتە نەك وەکوو ئاژەڵ بەڵـکوو خراپتریشی بەسەر دێت •

مەحالی دووهەم :

ئەگــەر ئەم بوونەوەرانەی کە لەو پەڕی ڕێکوپێکیو جوانیــدانو دارای ووردەکاریو حیکمەتی تەواو و ڕێکو پێـکن ، بۆ یەکێـکی بــە دەسـتەڵاتی خاوەن توانستی ڕەهــاو حەکیمی خــاوەن حیکمەتی ڕەهــا نەگێڕرێنــەوە ، وە لــە بری ئەمــە بدرێنە پاڵ سرووشتو بـــە کردەی سرووشت بزانرێن ، ئەوا دەبێ ئـەم سرووشتە لە هەموو مشتێك خۆڵدا ـ کــە کارگەو شەتڵـگای گوڵو بەروبوومەکانە ـ بە ئەندازەی ژمارەی کارگەو چاپخانەکانی ئەوروپا کارگەو چاپخانە ئامادە بـکات ، تا ئـــەو مشتە خۆڵە بۆی بڕەخسێ بـەم جەشنە ببێتە کارگەی ئەو گوڵە جوانو بەروبوومە ئاسكو بەلەزەتانە ••

چونــکە ئەو مشتە خۆڵەی کــە وەك شەتڵـگایەکی بچووك وایە ، تواناو قابیلییەتێــکی ڕاستەقینەی ئەوتۆی تێدایە کە ئەگەر بێتو هەرچی تۆوی گوڵو بەروبوومە جیا جیاو جۆراو جۆرو ڕەنـگاو ڕەنـگەکانی بوونەوەر هــەن ، بە نۆرەو بە جیا جیا لــەو مشتـە خۆڵەدا بچێنرێن ، ئەوا هەموویان سەوز دەکات ••

جا ئەگــەر ئەم تواناو قابیلییەتە بۆ توانستێکی بەدیهێنەرو بۆ ئــەو خواوەندە گــەورەیە نەگێڕرێتەوە کــە دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ، مانای وایە دەبێ لــەو مشتـە خۆڵەدا بۆ هەر یەکە لەو گوڵانەی کە لە دنیــادا هــەن مەکینەیەکی تایبەتیو مەعنەویی سرووشتی ببێ ! دەنا

هەرگیز ئەو هەموو گوڵو بەرو بوومە جۆراو جۆرانەی دەیانبینین بەیدا نابن و نایەنە جیهانی بوونەوە . چونکە تۆوەکان ـ وەك ئاوی مەنی و هێلکەکان ـ ماددەکانیان لە یەك دەچن کە بریتین لە ئۆکسجین و هایدرۆجین و کاربۆن و ئازۆت ، کە بە چەند شێوەو شکڵێکو بە چەند ڕێژەیەکی جیا جیا یەکیان گرتووەو بە چەشنێکی تایبەتی لەگەڵ یەکتردا تێکراوون و پێکهێنراون .. دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر کام لە (هەواو ئاو و تیشكو گەرما) چەند شتێکی ساکارن ، وە هیچیان خاوەن هەستو عەقڵو شعوور نین و ، وەك لافاو لە هەموو شتێکدا دێن و دەڕۆن ..

جا یەك گرتن و پێکهاتنی ئەو گوڵە لە ژمارە بەدەرانە [لە ڕوانگەی سرووشتەوە] بەو وێنەو شکڵو شێوەو جۆنێتییە جوان و دڵگیرانەو بەو بەڕی ڕێكو پێکیو ووردەکاریەوە ، بە ئاشکراو پێویستیو بەداهەت ئەوە پێویست دەکات کە ئەوەندە کارگەو چاپخانەی بچووك لەو مشتە خۆڵەدا بن کە زۆر لە ژمارەی کارگەو چاپخانەکانی ئەوروپا زیاتر بن ، بۆ ئەوەی سرووشت چنینی ئەو کاڵا زیندووانەی لە تواناداپێ و بەو تان و پۆیەی کە لە بەرچاودایە ئەو نەخش و نیگارە جوانانە بڕازێنێتەوە !!

ئای چەندە ئەو باوەڕە ئیلحادیەی کە سرووشت پەرستان هەڵیان گرتووە ، لە ڕێگای زیریو عەقلی کاملی مرۆڤەوە دوورە !

دەسا تۆیش بە باشی ئەمە بزانەو لەگەڵ بیروڕای ئەو کەسانەدا بەراووردی بکە کە لافی زیریو زانست لێ دەدەن و کەچی سرووشتیش بە بەدیهێنەر دەزانن ، با بۆت دەربکەوێ کە چەندە لە هەموو تەرازوویەکی عەقڵو زیریەوە دوورن !

سەیرێکی ئەو بێ عەقڵو مەستانە بکە ، کە لەسەر شکڵو

شێوەی ئادەمیزادن ، سەیرێکیان بکەو بزانە چۆن ئەو شتانەی کە بە لای (ئیمکان‌و) و عەقڵەوە بە لاوازترین جۆری خوارفەت دەژمێردێ کەچی ئەمان کردوویانە بە ڕێڕەو و ڕێباز بۆ خۆیان . سەرنجێکی ئەو چەشنە بیرکردنەوە ئەزۆک‌و ئەگونجاوانەیان بدە ، با بزانی کە چەندە سووک‌و نزم‌و شایستەی گاڵتە پێ کردنن !

ئەگەر پرسیار بکەیت‌و بڵێیت :

ئەگەر بێت‌و بەدیهێنانی بوونەوەران بدرێتە پاڵ سرووشت ئەوا چەندین گیرو گرفت‌و مەحاڵی زۆرمان دێتە ڕێگا .. ئەی ئایا کاتێ کە بەدیهێنان بە گشتی دەدرێتە پاڵ خواوەندی تاک‌و تەنهاو بێ شەریک چۆن ئەو هەموو گیروگرفتانە حەل دەبن‌و نامێنن ؟ وە تا ڕادەی پێویست ، بەدیهێنان شتێکی ئاسان دەبێت ؟

وەڵام :

هەروەك لە مەحاڵی یەکەمدا بۆمان ڕوون بووەوە ، درەوشاندنەوەی تیشکی خۆر بەو پەڕی ئاسانی‌و بە بێ هیچ گیروگرفتێك خۆی لە هەموو ماددەیەکدا دەرخست ، هەر لە بچووکترین شتی بێ گیانەوە تا دەگاتە فراوانترین تەختایی‌ی وەك زەریاو ئۆقیانووسەکان . ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین کە ئەم خۆرە ڕووناکی‌و شوێنەواری خۆی لەو شتانەدا بەو پەڕی ئاسانی دەردەخات ، وەك بڵێی هەر یەکەیان خۆرێکی میسالی بن ..

جا ئەگەر بێت‌و ئەو پەیوەندی‌و نیسبەتەی کە لە نێوان خۆرو ئەوانەدا هەیە بپچڕێنرێت دەبێ باوەڕ بەوە بکرێ کە هەر یەکە لەو ئەتۆمانە خۆرێکی سرووشتی‌ی هەیەو هەر کام لەو خۆرانەش دارای

بوونێـکی خۆیی خاریجی‌یە • دیارە ئەمەش شتێکە کـە هیچ عەقڵێك وەری ناگرێ‌و تا بڵێ‌ی مەحاڵ‌و نەگونجاوە •

هەروەك ئەمـە لەم نموونەیەدا وایە ، بەو چەشنەیش ئەگــەر بێت‌و بەدیهێنان‌و دروستکردنی هـەموو شتێك یەکســەر بدرێتـە پاڵ خواوەندی تاك‌و تەنهـاو صەمـەدو بێ شـەریك ، ئەوا تا ڕادەو پلەی (وجوب) بەدیهێنان ئاسان دەبێت • چونکە ئەو کاتە هەر بوونەوەرێك هەر پێویستی‌یەکی بێت ، دەتوانرێ بەو پەڕی ئاسانی پێ‌ی بگەیەنرێ ، ئەویش لـە ڕێـگای (نیسبەت بوون‌و ، دەرەوشاندنەوە)وە • • کـەچی ئەگـەر بێت‌و ئەو نیسبەت‌و پەیوەندی‌یە بچرێنرێ‌و ئەو گوێ‌ڕایەڵی‌و بەکار هێنان‌و فەرمـان پێ سـاردنە نەمێنێ‌و ، لـە جێـگایاندا ملپێچی کردن‌و خۆ دزینەوە لە فەرمانەکان دابنرێ‌و ، هـەموو شتێـکی خاوەن بوونیش کـە لەم بوونەوەرەدا هـەیە بە سەربەستی‌و بەرەڵایی وازی لێ بهێنرێ •• یان ئـەم کـارە بە (سرووشت) بسپێررێ ، ئـەوا بـە ســەدان هـەزار گیروگرفت ، کـە دەگـەنە ڕادەو پلەی نەگونجـــان (الأمتناع) ، پەیدا دەبن ، بە ڕادەیەك کە تەنها بۆ دروستکردنی مێشێکی بچووك پێویست دەکات کە سرووشتی کوت‌وکوێر خاوەنی دەستەڵاتێکی ئەوتۆ بێت کـە بتوانێ هەموو بوونەوەر (الکون)ی پێ دروست بکات ، وە دارای حیکمەتێکی ئەوتۆ بێت کە بتوانێ ئەم بوونەوەرە گەورەیەی پێ بەڕێوە ببات • چونـکە هەرچەندە مێش لە قەبارەدا بچووکە ، بەڵام زۆر بـــە جـوانی‌و ڕێك‌وپێـکی خولقێنراوەو ، زۆربەی (مـــاددە) پێکهێنەرەکانی بوونەوەرانی تێدایە ، وەك بڵێ‌ی پێرستێکی پوختە کراوی ئەو بوونەوەرانەیە •• جا ئەمەش تەنها مەحاڵێك نیەو ئیتر کۆتایی‌ی پێ بێت بەڵـکوو هەزار مەحاڵی تێدایە !

به کورتی :

هەروەك بوونی هاوتاو هاوبەش لە (خوایەتی) خوادا شتێکی مەحاڵو نەگونجاوە ، هەروەها دەستخستنە ناو کاروبارەکانی (پەروەردگاریتی)ی خواو خۆ هەڵقورتاندن لە کاروباری بەدیهێنانی ئەو شتانەی کە ئەو بەدیان دەهێنێ ، ئەویش بەهەمان جۆر مەحاڵو نەگونجاوە •

ئەو گیروگرفتانەش کە لە مەحاڵی دووهەمدا باسکرانو لە بەشێکی زۆری پەیامەکانیشدا چەسپاندوومانن ، ئەوا لەوەدان کە وتمان : « هەر کات بەدیهێنانی هەموو شتێك بدرێتە پاڵ خوای تاكو تەنها ؛ ئەوا وەك دروستکردنی تاکە شتێك ئاسان دەبێت ، بەڵام ئەگەر بدرێتە پاڵ سرووشتو هۆکان ؛ ئەوا بەدیهێنانی یەك شت بە قەدەر دروست کردنی هەمووان پڕ لە کێشەو گیروگرفت دەبێت » ••

جا لەبەر ئەوەی ئەم گیروگرفتانەمان بە چەندین بەڵگەی پتەوی چەسپێنەر لە چەندین پەیامدا چەسپاندووە ، ئەوا لێرەدا کورتەی یەکێك لەو بەڵگانە باس دەکەین :

ئەگەر هاتو یەکێك ـ چ لە ڕێگای سەربازی وە چ لە ڕێگای فەرمانبەری‌یەوە ـ پەیوەندیی لەگەڵ پادشایەکدا بەستو پاڵی بە دەستەڵاتی پادشاوە دایەوە ، دەتوانێ ئەوەندە کرداری ئەوتۆ بەجێ بهێنێ کە سەد هەزار جار ئەوەندەی ئەو کردارانە بێت کە بە تەنها خۆی دەتوانێ بیانکات • ئەمەیش بە هۆی پاڵدانەوەیەوە بە هێزی ئەو پەیوەندیو نیسبەتەی کە لەگەڵ پادشادا هەیەتی •

[بۆ ئەوەی زیاتر لەمە تێ بگەین دەڵێین] :

ئەم سەربازە هەر چەندە یەك كەسی تاكو تەنهایە ، كەچی دەتوانێ بە ناوی پادشاوە هەندێ جار شایەك دیل بكات ، چونكە هەموو ئەو ئامێرو كەرەسەو تەقەمەنییانەی بۆ ئەم جەشنە كارانە پێویستی پێیان دەبێت ؟ ئەم خۆی هەڵیان ناگرێتو ناچاریش نیە كە هەڵیان بگرێت ، بەڵكوو گەنجینەی پادشا ئەم شتانەی بۆ دابین دەكاتو ، كەرتەكانی سوپاكەیشی بۆی دەهێننو هەڵی دەگرن • هەموو ئەمانەش بە هۆی ئەو پەیوەندیو پاڵدانەوەو نیسبەت پەیداكردنەی كە لەگەڵ پادشادا هەیەتی •• ئەوەتا چەند كردارێكی لەسەر دەست ڕوو دەدات كە وەك كرداری پادشایەكی گەورە وان ، وە چەند شوێنەوارێك دەردەخات كە لە هی سوپایەكی گەورە دەچن •

كەواتە ئەم سەربازەی سەر بە پادشا وەك ئەو مێروولەیە وایە كە بە هۆی ئەو سەربازیو فەرمانبەرییەوە دەتوانێ كۆشكی فیرعەونێكی ستەمكار بڕووخێنێ •• هەروەها وەك ئەو مێشوولەیە وایە كە بە هۆی ئەو نیسبەتو پەیوەندییەوە دەتوانێ نەمروودێكی كەللەڕەقی سەركەش بتۆپێنێ •• هەروەها ئەم سەربازە وەك (تۆو)ی درەختی (سنەوبەر)ی لێ دێت ، ئەو تۆوە بچووكەی كە وەك دەنكە گەنمێك وایەو ، بە هۆی ئەو پەیوەندیو نیسبەتەوە هەموو ئامێرەكانی ئەو درەختە زەبەلاحەی سنەوبەر پەیدا دەكاتو پێكهاتووەكانی گەشە پێ دەسێنێ[1] •

---

(۱) بەڵێ ، ئەگەر پەیوەندیو نیسبەت لە نێواندا بوو ، ئەوا ئەو تۆوە فەرمان لە قەدەری خوا وەردەگرێتو شەرەفی هەڵسانی بەو كردارە دەدرێتێ •• بەڵام ئەگەر ئەو پەیوەندیو نیسبەتە بپچڕێت ، ئەوا تەنها دروستكردنی ئەو تۆوە داخوازی توانستو مەهارەتو چەند ئامێرێكی ئەوتۆ دەبێت كە زۆر زۆر لە پێویستییەكانی دروستكردنی درەختی زەبەلاحی سنەوبەر زیاتر بن • چونكە

=

جـا ئەگـەر ئەو پەیوەندی‌و نیـبەتەی نێوانیـان ببچرێت‌و نـەو فەرمانبەری‌یەی لێ بسێنرێتەوە ، ئەوا دەبێ هەموو ئەو کردارانەی کـە ئەنجامیان دێنێ بیانگرێتە ئەستۆی خۆی‌و لەسەر شـان‌و دەسـت‌و بازووی خۆی پێویستی‌یەکانی هەڵبـگرێ‌و بە کەرەسـەو ئامێرەکانیش سەرشانی خۆی ماندوو بـکات • دیارە ئەو کاتەش تەنها بە گوێرەی ئەو هێزەی کـە لـە دەست‌و بازووی لاوازیدایە دەتوانێ هەڵبسێ بـەو کردارانەو ، تەنهـا ئەوەندەی لـە تواناد دەبێ کـە لەگـەڵ ئەندازەی ئەو کەرەسانەی هـەڵی گرتوون بـگونجێ ، بە چەشنێك کە ئەگەر داوای ئەنجام هێنانی ئـەو کردارانەی لێ بـکرێ کە لە حاڵەتی یەکـەمدا بەو پەڕی ئاسانی‌یەوە ئەنجامی دەهێنان ، ئەوا کۆڵەواری‌و نەتوانینی خۆی بە ئاشکرا دەردەبڕێ •• مەگەر [کە ئەمەش بە ئاشکرا شتێکی مەحاڵە] بتوانێ هێزی سوپایەکی تەواو لە دەست‌و بازووی خۆیدا کۆ بـکاتەوەو هـەرچی کارگەو کەرەسەو ئامێرەکانی سوپایش هەن ، ئەو بە تەنهـا خۆی بە کۆڵ هەڵیان بگرێ !!

جا توخوا ئایا ئەو کەسانەش کە خەریـکی هۆنینەوەو گێڕانەوەی

=

دەبێ هەموو ئەندامەکانی ئەو درەختە سنەوبەرە ــ کە یەکێکە لە شوێنەوارە دیارو ئاشکراکانی قودرەتی خواوەندو لە ناو چیـاو شاخەکاندان‌و ئەوەندەی تر جوانییان بەو چیاو شاخانە بەخشیوە ــ دەبێ ئەندامەکانی ئەم درەختە لەناو دوو توێی ئەو تۆوەدا بین ، کـە لە ڕاستیدا ئەویش درەختێکی مەعنەوی‌یەو یەکێکە لـە شوێنەوارەکانی قەدەری خواوەند ، چونکە کارگەی ئەو درەختـە لەناو ئەو تۆوەدایە •• جا ئەو درەختەی کە قەدەری خـوا لـەو تۆوەدا دروستی کردووە ، لە پاشاندا بە توانستی ئـەو خوایـە شکڵ‌و شێوەی درەختێکی سنەوبەری تەندار وەردەگرێ •

(س • نووورسی)

چیرۆکە خورافیو بێ نرخو لاوازەکانن ، شەرم لە نزیک بوونەوەی ئەم جەشنە خەیاڵە ئابڕووبەرانە ناکەن ؟ چ جای ئەوانەی کە لافی عەقڵو زیری لێ دەدەن ؟!

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە :

تەسلیم کردنو گێڕانەوەی هەموو کاروبارێکی بوونەوەران بۆ خوای (واجب الوجود) تا پلەی پێویست (الوجوب) ئاسانە . بەڵام گێڕانەوەی بەدیهێنانیان بۆ (سرووشت) ئەوا تا پلەی نەگونجان (الاستحالة والامتناع) مەحاڵو پڕ لە گیروگرفتەو ، لە دەرەوەی بازنەی زیریدایە .

مەحاڵی سێهەم :

ئەم مەحاڵە لە هەندێ پەیامدا بە دوو نموونە ڕوونکراوەتەوە :

نموونەی یەکەم :

جارێك مرۆڤێکی زۆر نەزان کە لەوەوپێش هیچ لایەنێکی شارستانێتیی نەدیبوو ، لە دەشتێکی چۆڵدا دەچێتە ناو کۆشکێکی جوانەوە کە بەو پەڕی جوانکاری ڕازابووەوەو تازەترین ئامێرو هۆو پێداویستیی تیا ئامادە کرابوو ..

کە دەچێتە ناویەوە ، بە ووردی سەرنجی دەداتو سەیری نەخشو نیگارو ووردەکاریی جوانکاریی ئەو کۆشکە دەکات ..

بەڵام نەزانیو بێ عەقڵیە لە ڕادە بەدەرەکەی وای پێ کرد کە بڵێ : « یەکێك لەم شتە جوانانەی ئەم کۆشکە ، کۆشکەکەی دروست کردووە ، چونکە لەم بیابانو دەوروبەرەدا هیچ کەسێك دیار نیە کە

ئەوە بىگەیەنێت ئەو دەستی بۆ بنیادنان و ڕازاندنەوەی ئەم کۆشکە درێژ کردبێت • •

ئیتر بۆ دۆزینەوەی بنیادنەری ئەم کۆشکە دەستی کرد بە گەڕان و پشکنین لە نێوان ئەو شتانەی کە لە ناو کۆشکەکەدا بوون ، وە چاوی بە ناویاندا دەگێڕا تا شتێك بدۆزێتەوە دروست کردن و ڕازاندنەوەو داین کردنی ئەو کەرەسانەی لە تواناادا بێت • بەڵام هەر چەندەش دنیا نەدیدە بوو کەچی هەر چێکی دەبینی نەدەچووە عەقڵی‌یەوە کە ئەو شتە بەدیهێنەری کۆشکەکە بێت •• پاش ماوەیەك لە گەڕان و پشکنین ، دەفتەرێکی دۆزی‌یەوە کە نەخشەی بنیادنان و پێرستی ناوەڕۆك و یاساکانی بەڕێوەبردنی ئەو کۆشکەی تیا نووسرابووەوە ••

هەر چەندەش ئەو دەفتەرە ـ لە ڕاستیدا ـ وەك هەموو ئەو شتانەی کە تیایدا نووسراوە ، بنیادنان و ڕازاندنەوەی ئەو کۆشکەی لەبارەدا نیە ، چونکە نە دەستی هەیە تا کاری پێ بکات و نە چاویشی هەیە تا پێی ببینێت ، هەر چەندەش ئەمە حاڵی ئەو دەفتەرەیە ؟ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کابرایە دڵی چووە سەر ئەو دەفتەرەو لای وابوو کە لە هەموو شتەکانی ناو کۆشکدا زیاتر بۆ ئەو مەبەستە دەگونجێ ، چونکە نەخشەی بیناو کەرەسەو ناوەڕۆکی کۆشکەکەی تێدایەو ، زیاتر لەگەڵیا گونجاوە (چونکە ئەو دەفتەرە ـ وەك لە پاشاندا بۆمان دەردەکەوێت ـ ناونیشانی یاسا زانستی‌یەکانی خواوەندە) • لەبەر ئەوە ناچار بوو بڵێ :

ـ • تەنها ئەم دەفتەرەیە کە ئەم کۆشکەی بنیات ناوەو ڕێك و پێکی کردووەو ڕازاندوویەتەوەو ، شتەکانی ناویشی ڕێك و پێك کردووە • •

ئیتر بەم جۆرە وتەو وڕێنە بێ نرخانە، ئەو پەڕی نەفامیو بێ عەقلیی خۆی دەربڕی.

لە ڕووناکی ئەم نموونەیەوە دەڵێین :

کابرایەکی وەحشیو نەفام لەوانەی کە ڕێڕەوی سەرکەشیو سەرپێچی کردنیان گرتووەتە بەرو بیروباوەڕی (سرووشت پەرستی)یان هەڵگرتووە، دەچێتە ناو ئەم کۆشکە گەورەیەی کەونەوە، کە بێ گومان لەو کۆشکەی نموونەکەی پێشەوە ڕێکو پێکترو جوانترو پڕ لە وردەکاری ترە بە چەشنێك کە هەرگیز جێگای بەراوورد کردن لە نێوانیاندا نیە، چونکە هەر لایەنێك لە لایەنەکانی کۆشکی گەورەی کەون بگریت، چەندین موعجیزەی بێ هاوتاو چەندین حیکمەتی بەرزیان لێ دەدرەوشێتەوە..

ئەم کابرایە دەچێتە ناو کۆشکی ئەم کەونەوەو پشت لە هەموو نوێنەوارە زۆرەکانی سنعەتی کردگار هەڵدەکات کە لە بەردەمیدایە، ئەو کردگارەی کە هەموو بەدیهێنراو و گونجاوەکان (الممکنات) هەرگیز ناگەن بە پلەی ئەو، وە ئەو بەرزە بەسەر هەموویاندا.. ئیتر ئەم مرۆڤە دێتو بە دوای هۆی بەدیهێنەری ئەم گونجاو و بەدیهێنراوانەدا دەگەڕێو دەست بە وورد بوونەوەو پشکنین دەکاتو لە گەڕانەکەیدا چاوی بە کۆمەڵی یاسا خواییەکانو پێرستی سنعەتی کردگار دەکەوێ، کە بە هەڵە ـ وە هەڵەیەکی زۆر گەورەیش ـ ناوی «سرووشت»ی لێ نراوە.. ئەم سرووشتەیش وەك دەفتەری ئالو گۆڕی یاساکانی کاروبارەکانی توانستی خوا وایە، هەروەها وەك ئەو تابلۆیەی قەدەری خوا وایە کە شتی تیا دەنووسرێو شتی تیا دەکوژێنرێتەوە (لوحة المحو والاثبات)، واتە لە بازنەی بەدیهێنراو و

دروستکراوەکاندا ئەوەی بیەوێ دەینووسێو دەیهێڵێتەوە ، ئەوەیش بیەوێ لای ببات ، لای دەباتو دەیکوژێنێتەوە ..

جا ئەم نەفامەش کە لەنێوان بەدیهێنراوەکانی بەرچاویدا بە دوای بەدیهێنەریان دەگەڕێت ، دەڵێت :

« مادەم دەبێ هۆیەك بێ ئەم شتانەی بەدی هێنابێ ، وە هیچ شتێکیش وەك ئەم دەفتەرە لە ئارادا نیە کە بەو چەشنە پەیوەندیی بەو شتانەی ناو کۆشکی کەونەوە بێ ، وە مادەم باوەڕیشم بە خوای بەدیهێنەر نیە ، کەواتە دەبێ ئەم دەفتەرە ئەو شتانەی بەدی هێنابێ » !! هەر چەندەش عەقڵ ئەوە ڕەفز دەکات کە ئەم دەفتەرە کەڕو کوێرو کۆڵەوارە هەڵسابێ بەو کردارانەی کە تایبەتکاریی پەروەردگارێتی‌یەکی ڕەهان ، کە ئەویش داخوازی دەسەڵاتێکی ڕەهاو فراوانە .

ئێمەیش پێی دەڵێین :

ـ ئەی تێنەگەشتووی سەرسوڕماو ! ئەی ئەو گێلەی کە لە گێلترین گێل زیاتر خۆی گێل کردووە !

سەر لە زەلکاوی (سرووشت) دەربێنەو سەیری دەوروبەری خۆت بکە . ئەوەتا هەموو بوونەوەرو بەدیهێنراوان ، هەر لە ئەتۆمەوە تا دەگاتە کاکێشان ، شایەتی لەسەر بەدیهێنەری گەورەی بەدەسەڵات دەدەنو بەڵگەی تاكو تەنهاییی ئەوون .. سەرت هەڵبڕەو خواوەندی بەدیهێنەر ببینە ، دەبینی کە هەریەك لەو بوونەوەرانە بە زمانی تایبەتیو بەڵگەی تایبەتیی خۆیان شایەتی لەسەر ئەو خوایە دەدەن . سەیر بکە ، با درەوشاندنەوەی ئەو خوایە لە جیهاندا ببینیت کە ئەم

کۆشکەی بنیاد ناوەو پێرستو بەرنامەو یاساکانی لەو دەفتەرەدا نووسیوەتەوە .. سەرنج لە فەرمانە بەرزەکانی ئەو بدەو گوێ لە قورئانە پیرۆزەکەی ڕابگرەو ، خۆت لە لیتەو قوڕاوی ئەم ووڕێنەو ووتە بێ نرخانە ڕزگار بکە !

نموونەی دووهەم :

جارێك مرۆڤێك کە لەوبەڕی نەزانیداو دنیا نەدیدە بوو ، دەچێتە ناو سوپایەکی ساماکەوە .. وە لە بەردەم ئەو ڕاهێنانە گشتییەی کە سەربازەکانی سوپا پێکەوە دەیانکرد ، دەحەپەسێ ، کە دەبینێ ئەو پەڕی ڕێكو پێکیو گوێڕایەڵی پیشان دەدەن . پاشان سەرنج لە جمو جوولە ڕێکخراوەکانیان دەدات کە دەبینێ هەموو سوپاکە چ تیپو چ لیواو چ فیرقە هەموو بە بزووتنەوەی یەك دانە کەس دەبزووونەوەو ، بە بێ دەنگ بوونیشی بێ دەنگ دەبن ، وە هەر کاتیش ئەم یەك کەسە فەرمانی تەقەکردنی بۆ دەرکردن ئەوا هەموویان یەکسەر دەست بە تەقەو دەست ڕێژ کردن دەکەن ..

بەڵێ ئەم مرۆڤە سەرنجی لە هەموو ئەمانە دا . بەڵام تێنەگەیشتنو کەودەنییەکەی وایان لێ کرد کە هیچ شتێك لە بارەی فەرمانەکانی پێشەوایەتیی سوپا تێنەگات کە لە یاساکانی پادشایەتیدا دیاری کراون . هەر لەبەر ئەم تێنەگەیشتنەیش ئیکاریی سەرکردایەتیی سەرکردەی کردو بە خەیاڵ وای دەزانی ئەم سەربازانە بە چەند پەتێکی ماددی بە یەکەوە بەستراونەتەوە ! وەك بڵێی هیچ شتێك بە بێ هۆی ماددی بەڕێوە ناڕوات ..

پاشان بیری لەو پەتە خەیاڵییە دەکردەوە کە ئایا دەبێ چەندە

سەیرو سەرسوڕهێنەر بێت ؟ بەڵام لە ڕاستیدا خۆی کەوتە سەرسوڕمانەوە ، وە هەر بەو سەرسامیو سەرسوڕمانەیشەوە سەربازگەی بەجێ هێشتو کەوتە ڕێ ..

هەر ئەم مرۆڤە ، لە ڕۆژی جومعەدا ڕێی دەکەوێتە مزگەوتێکی گەورەی وەك (مزگەوتی ئەیا صۆفیا) . . سەیر دەکات هەڵسانو دانیشتنو ڕکووعو سوژدەی جەماعەتی موسڵمانان لەسەر دەنگی یەکێکیان ڕوو دەدات . جا لەبەر ئەوەی ئەم مرۆڤە لە مانای « شەریعەتەکانی خواوەند » ـ کە یاسا مەعنەویو ئاسمانییەکانە ـ تێنەدەگەیشت ، وە هەستی بەو دەستوورو یاسا مەعنەویانە نەدەکرد کە لە فەرمانەکانی خاوەنی شەریعەتدان ، لەبەر تێنەگەیشتنو هەست نەکردنی بەمانە ، لای وابوو کە ئەو جەماعەتە بە چەند پەتێکی ماددی بە یەکەوە بەسراونەتەوە ، گوایە ئەو پەتە سەیرانە ئەو کۆمەڵەی بە یەکەوە بەستووەتەوەو هەموو جمو جووڵو وەستانێکیشیان بە بۆنەی ئەو پەتانەوەیە ! بەم جۆرە ڕۆشتو کەوتە ڕێو ئەم چەشنە بیرکردنەوە کەم نرخەشی لەگەڵ خۆدا هەڵگرت ، کە ئەوەندە بێ بایەخو کەم نرخە کە ئەو جرو جانەوەرە دڕندانەش لە شکڵی مرۆڤدان ، گاڵتەی پێ دەکەن ..

جا لە ڕوانگەی ئەم نموونانەوە دەڵێین :

مولحدێك لەوانەی کە چەمکی پڕ لە نەفامیو سەرکەشی سرووشتەیان لەگەڵ خۆ هەڵگرتووە ، دێتە ناو ئەم جیهانەی کە سەربازگەیەکی ساماكو جوانی سوپای پادشای گەورەیەو ، مزگەوتێکی گەورەو ڕێكو پێکی ئەوتۆیە کە تەقدیسی پەرستراوی ئەزەلی خۆی دەکات .. کە دێتو سەیری ئەو ڕژێمە ڕێكو پێکانەی

بوونەوەر (الكون) دەكات ، لای وا دەبێ کە چەند یاسایەکی ماددیو چەند ماددەیەکی ڕەقو تەقن • وە بە خەیاڵی خۆی وا دەزانی کە فەرمانەکانی یاساکانی پەروەردگاریتی‌ی گشتی (الربوبیة المهیئة) ـ کە چەند یاسایەکی ئیعتبارین ـ هەروەها دەستوورەکانی شەریعەتی پەرستراوی ئەزەلی ـ کە چەند دەستوورێکی مەعنەوینو تەنها لە زانستی خوادا هەنو بوونیان هەیە ـ ئەم بە خەیاڵی خۆی لای وا دەبێ کە هەر کام لەو یاساو دەستوورانە وجوودی خاریجی‌یان هەیەو چەند یاسایەکی ماددین • ئیتر دێتو ئەو یاسایانەی کە لە « علم » و « کەلام »ی خواوەندەوە دەرچوونو تەنها وجوودی علمی‌یان هەیە [واتە : تەنها لە زانستی خوادا هەن] ، ئەم دێتو لەبری توانستی خوا دایدەنێو کاروباری بەدیهێنانو دروستکردنیان دەداتێو پاشان ناوی «سرووشت»یان بەسەردا دەبڕێ ، ئنجا ئەو هێزە هاتووچۆکەرەی ناو ئەو یاسایانەش (القوة الساریة) ، کە بریتی‌یە لە یەکێك لە درەوشاندنەوەکانی توانستی پەروەردگار ، ئەم مولحیدە بە هێزێکی کاریگەری دادەنێو وەك خاوەن توانستێکی سەربەخۆ پێشوازی‌ی لێ دەکات !

جا توخوا پێم ناڵێی ئایا کەودەنیو نەفامی‌ی لەمە زیاتر ڕووی داوە ؟ ئایا ئەم نەفامی‌یە بە چەندین جاریش لە نەفامی‌ی کابرای ناو نموونەکە زیاتر نیە ؟

بە کورتی :

ئەو شتە وەهمی‌یەی کە سرووشت پەرستان ناوی «سرووشت»ی لێ دەنێنو هیچ حەقیقەتێکیشی نییە ؛ ئەگەر بێتو وا دابنرێ کە بوونی ڕاستەقینەی خاریجیشی بێ ، ئەوا تەنها سەنعەتێکە نەك

سنعەتکار ٠٠ وە نەخشێکە نەك نەخشەکێش ٠٠ وە چەند حوکمێکە نەك حاکم ٠٠ وە شەریعەتێکی فیطرییە نەك شەریعەتدانەر ٠٠ وە پەردەیەکی ڕووکەشی بەدیهێنراوە کە بەسەر ڕووی عیزەتی خوایەتیی خوادا دادراوەتەوە ، نەك بەدیهێنەر ٠٠ وە فیطرەتو بەدیهێنراوێکی کارتێکراوە ، نەك بەدیهێنەرو کردگار ٠٠ وە یاسایەکە نەك توانستو خاوەن توانست ٠٠ وە ئامێرێکی پێوانەیە تا قیاسی شتانی پێ بکرێ ، نەك سەرچاوەی شتان ٠

★ ★ ★

بوختەی ئەم قسانە [کە لە ڕوونکردنەوەی مەحاڵەکانی ئەم سێ ڕێگایەدا باسکران] ، ئەوەیە کە :

مادەم بوونەوەران [لەڕاستیدا] هەن ، وە مادەم عەقڵیش نە بۆچوونی خۆیدا بۆ دۆزینەوەی بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرانە لە چوار ڕێگا زیاتری لەبەردەمدا نیە ـ هەروەك لە پێشەکیی (خاطیرەی شازدەهەمدا باسکراوە ـ وە بە تەواوی‌و یەکجاریش نەگونجان‌و بەتاڵیی سیان لەو چوارڕێگایەمان بۆ چەسپا بە باسکردنی سێدانە مەحاڵی ڕوون‌و ئاشکرا بۆ هەر کام لەو سێ ڕێگایە ٠٠

کەواتە بە ئاشکرایی‌و بەداهەت‌و پێویست ڕێگای چوارەم دەچەسپێ ، کە بریتییە لە ڕێگای بوونی بەدیهێنەری تاکی تەنها ٠ چەسپاندنی ئەو ڕێگایەش لە یەقینێکی ئەوتۆوەیە کە هیچ گومان‌و دوودڵییەکی تێدا نییە ٠ ئەو ڕێگایە ڕێگایەکە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕووناکی دەکاتەوە کە دەفەرموێ :

« أفي الله شك فاطر السموات والأرض » ؟

ئەم ئایەتە بە ڕوونی‌و بەداهەت بەڵگەیە لەسەر بوون‌و خوایەتیی

خواوەندی « واجب الوجود » و ، لەسەر ئەوەی کە خوایەتی‌ی ئەم خوایە هەموو شتێکی گرتۆتەوەو ، هەرچی شت هەیە لە دەستی توانستی ئەوەوە پەیدا بوونو ، هەموو کاروبارێکی ئاسمانەکانو زەویش لە ژێر دەستی توانای ئەودان •

جا ئەی کاکی هۆ پەرست !

ئەی ئەو کەسەی تا رادەی پەرستن شەیدای «سرووشت» بووە !

باش بزانە کە (سرووشتی) هەر (شتێك) وەك خودی ئەو شتە بەدیهێنراو و دروستکراوە ، چونکە بە تازەیی‌و بە جۆرێکی پڕ لە وردەکاری‌یەوە پێك دێت • هەروەها هۆ ئاشکراکەیشی وەك هەر هۆیەکی تر ، ئەویش دروست کراو و بەدیهێنراوە ••

جا مادەم بوونی هەر شتێك پێویستی بە چەند هۆو پێداویستو ئامێرێکی زۆر هەیە ، ئەوا دەبێ یەکێکی خاوەن توانستی رەها بێ کە ئەو سرووشتو هۆیە بەدی بهێنێو دروستیان بکات •• وە دەبێ ئەو خاوەن توانستە رەهایە لە توانستی خۆیدا ئەوەندە دەوڵەمەند بێت کە پێویستی بە هیچ شتێك نەبێو ، هەرگیز هۆ بێ دەستەڵاتو کۆڵەوارەکان لە کاروباری پەروەردگاریتی‌ی خۆی‌و بەدیهێنانی شتاندا ، بەشدار نەکات • خۆ جگە لە خوای گەورە هیچ کەسێکی تر نیە کە بەم جەشنە خاوەنی توانستێکی ئاوا دەوڵەمەندو گەورەو بەرز بێت • هەر ئەو خوایەیە کە چ هۆکانو چ ئەو شتانەی لە رێگای ئەو هۆیانەوە پەیدا دەبن ، یەکسەر دروست دەکاتو ، هۆکاری‌یەکی ئاشکراو رواڵەتیان لە نێواندا پەیدا دەکاتو ، بە رێكو پێك کردنیان پەیوەندیان لە نێواندا دادەنێو ، سرووشتو هۆکانیش دەکاتە پەردە

لەبەردەم دەستی قودرەتو لەبەردەم گـەورەیی‌ی خۆیداو ، بەمـەش درەوشاندنەوەی ناوە جوانەکـانی خـۆی‌و نووری حیکمەتە ڕەهاکەی خۆیان پیشان دەدات • وە بۆ ئەوەی کە عیزەتو گەورەیی‌ی خـۆی تەقدیس بـکاتو پاکی ڕابـگریّ ؟ ئـەوا ئــەو هۆیانەی کردۆتــە سەرچاوەی ئەو کاروبارانەی کە بە چاوی ڕواڵەت‌بینی‌یەوە بە ناتەواوی‌و ستەم لە شتـاندا دەردەکــەوون ، تا هیچ نەقسێك ڕوو نەکــاتە ئـەو عیزەتەی کە بۆ پەروەردگارێتی‌ی خۆی بڕیاری داوە •

★ ★ ★

ئێستاش داوای ئـەوەت لێ دەکەین کـە عەقڵە سەرگەردانەکەت بـکەیت بە حەکەمو ، ئەم پرسیارەت ئاراستە دەکەین :

ئایا کام لەم دووانە تێگەیشتنیان ئاسانترە ؟ :

ئایا سەعاتچی‌یەك هەڵبـێ بە دروستکردنی ئامێرو کەرەسەکـانی سەعات ، وە بە گوێرەی ڕێكو پێـکی‌و لەگەڵ یەك گونجانیان یەکیــان بخات • یان لەو ئامێرانەدا مەکینەیەکی لە عادەت بەدەر ببێ‌و ئەم دروست کردنە بە دەستە ڕەقو تەقو بێ‌گیانەکانی ئەو ئامێرانە بسپێرێ ؟!

پێم بڵێ : ئایا ئەم بیروڕایە شتێکی مەحاڵ‌و نەگونجاو نیـە ؟

یان کام لەم دووانە دەچێتە عەقڵەوە ؟ :

نووسـەرێك پێداویستی‌یەکانی نووسـین (لە مەرەکەبو کاغــەزو قەڵەم) ئامـادە بـکاتو خۆی بۆ خـۆی کتێبێك بنووسێ •• یان ئـەو نووسـەرە بێت لە نێوان ئەو کاغـەزو قـەڵەمو مەرەکەبەدا چاپخانەیەکی تایبەتی بۆ ئــەو کتێبە دابنێ ـ کـە دیارە ئەم چاپخانەیەش زۆر لــە کتێبەکە ئاڵۆزترە ـ پاشان نووسینی کتێبەکە بدات بەسەر چاپخانەکەداو

ئیتر خۆی هیچ دەستێك نەخاتە ناو کارەکەو بەو چاپخانەیە بڵێ « فەرموو تۆ کتێبەکە دابنێو بینووسە » ؟

کام لەم دووانە دەچێتە عەقڵەوە ؟

ئایا ئەگەر ئەم کارە بدرێتە دەست ئەو چاپخانەیە شتێکی پڕ لە گیروگرفت نیە ؟ ئایا سەد ئەوەندەی نووسینی نووسەرەکە پڕ لە کێشە تر نیە ؟ ئایا هیچ خاوەن ژیری‌یەك ئەم کارە بە کارێکی ڕەوا دەزانێ ؟

خۆ ئەگەر بڵێت :

بەڵێ ڕاستە دروستکردنی چاپخانەیەك بۆ چاپکردنی ئەو کتێبە لە دانانی کتێبەکە قورسترو ئاڵۆزترە ، بەڵام مەکینەی چاپ تا بڵێی ئاسانتر هەڵدەستێ بە نووسینی کتێبەکە ، چونکە دەتوانێ چەندین نووسخەی زۆری لێ دەربکات ..

ئەوا لە وەڵامدا دەڵێین :

خواوەندی نەخشەکێشی ئەزەلی بە قودرەتی ڕەهای خۆی وە بۆ مەبەستی تازە کردنەوەی درەوشاندنەوەکانی ناوە جوانە ڕەهاکانی خۆی لە هەموو کاتێکدا ، خودی بەدیهێنراوەکانو ئەدگارو تایبەتکاری‌یەکانیان بە چەند شکڵو شێوەیەکی جیا جیا دروست دەکات ، بە جۆرێك کە هیچ بەدیهێنراوێك ـ کە نووسراوی خواوەندی صەمەدو پەروەردگارە ـ بە تەواوی لە هیچ بەدیهێنراوێکی تر ناچێت .

بەڵێ ، بۆ ئەوەی هەموو شتێکی بەدیهێنراو مانا جیا جیاو مەبەستە جۆراو جۆرەکانی خۆی ڕابگەیەنێ ، دەبێ ڕوخسارو شکڵێکی ئەوتۆی بێ کە لەوانی تر جیای بکاتەوە ..

بە ووردی سەیری سەروسیمای مرۆڤ بکە ، دەبینی چەند نیشانەیەکی جوداکەرەوە لەو دەم‌و چاوەدا دەبینی کە خاوەنەکەی لە هەموو مرۆڤ‌و هەموو دەم‌و چاوێکی تر هەر لە سەردەمی حەزرەتی ئادەمەوە ـ درووی لەسەر بێت ـ تا ئێستاو تا دنیاش دنیایە ، جیا دەکانەوە ، هەر چەندەش لە ئەندامەکانیاندا بە تەواوی لەیەکتر بچن . ئەمەش ڕاستی‌یەکی ئاشکرایەو کەس گومانی تێدا نیە .

کەواتە سەرو سیمای هەر دەم‌و چاوێك کتێبێکی سەربەخۆی ئەو دەم‌و چاوەیە .

جا بۆ ئەوەی ئەم کتێبە سەربەخۆیە بە ڕێك‌و پێکی‌و ووردەکاری دەربهێنرێ ، دەبێ کۆمەڵە پیتێکی تایبەتی‌ی خۆی بێ‌و بە ڕێکخستنێکی تایبەتی ڕێك بخرێن . بگرە داخوازی ئەوە دەبێ کە بە دانانێکی تایبەتی‌ۆ جیاواز لەوانی تر دابنرێت ، وە ماددە تایبەتی‌یەکانی خۆی لەو جێگا تایبەتی‌یانەی تیایدا هەن بهێنرێن‌و لەگەڵ پێداویستی‌یەکانی بوون‌و دەرهێنانی ئەو کتێبەدا ڕێك بخرێن ..

هەموو ئەمانە پیویستی بە کارگەیەکی سەربەخۆی تایبەتی هەیە ، واتە هەموو شتێك‌و هەموو دەم‌و چاوێك پێویستی‌ی بە چاپخانەیەکی تایبەتی هەیە !!

پاشان ئەگەر بێت‌و بە فەرزی مەحاڵ وا دابنێین کە «سرووشت» وەك چاپخانەیەك وایە .. ئایا ئەم چاپخانەیە پێویستی بەڕێکخستن‌و ڕیز کردنێکی تایبەتی نیە ؟ ئایا خودی چاپخانەکە ـ چ جای ڕیز کردن‌و ڕێکخستنی پیتەکان ـ پێویستی بە ڕێکخستن نیە ؟!

خۆ ئەو ماددانەی کە لە تەنی هەر زیندەوەرێکدا هەن ، بە بێ

هیچ گومانێك ، لە ماددەکانی چاپخانەو ڕێکخستیان ئاڵۆزترن • چونکە کۆکردنەوەو دەرهێنانیان لە هەموو سووچو قوژبنێکی جیهانەوەو ، بەدی هێنانیان بە تەرازوویەکی تایبەتی‌و ، ڕێکخستیان بە ڕژێمێکی دیاری‌کراو ، پاشان سپاردنیان بە چاپخانە •• هەموو ئەم کارانە پێویستی بە بەدیهێنەری چاپخانەکە دەبێت کە بیانکات ، وە ئەم کارانە هەرگیز بە بێ ویستی ئەو ئەنجام نادرێت ، کە ئەویش بریتی‌یە لە توانستی بەدیهێنەرانەی خواوەندی بەدیهێنەری بە توانا •

کەواتە ئیحتیمالی ئەوەی کە «سرووشت» وەك چاپخانەیەك وابێت ، ئیحتیمالێکی بێ مانایەو لە ڕاستیدا خورافەتێکی ئاشکراو ڕوونە !

بەم جەشنە ، وە لە ڕوانگەی ئەم دوو نموونەیەوە [واتە سەعات‌و کتێبەکە] ، بۆمان دەردەکەوێ کە چ هۆکان (الاسباب) وە چ ئە هۆ پەیدابووەکان (المسبَّبات) ، هەموو خواوەندی بەدیهێنەری زولجەلال ـ کە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ـ دروستی کردوون ، وە هەر تەنها ئەو خواوەندەیشە کە بە حیکمەتی خۆی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوەو ، هەر تەنها ئەویشە کە بەویستی خۆی سرووشتی شتەکانیشی دیاری کردووەو کردوویەتی بە ئاوێنەیەك بۆ تیشکدانەوەو درەوشاندنەوەی شەریعەتە فیطریە گەورەکەی خۆی ، کە بریتی‌یە لەو یاسا کارگێڕانەی خواوەند کە تایبەتن بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی گەونەوە •• هەر ئەو خواوەندەیە کە بە توانستی خۆی ڕووی سرووشتی بە جۆرێ بەدیهێناوە کە ڕووەو بوونی دەرەکی‌ی بینراو (الوجود الخارجي المشهود) بڕوانێ‌و ، هەموو بەدیهێنراوەکانی لەسەر ئەو سرووشتە داناوەو تێکەڵی یەکتری کردوون •

★ ★ ★

ئێستاش عەقلی سەرگەردانی خۆت لەم کارەدا دەکەینە سەرپشك ، با بە چاوی ئینسافەوە سەیر بکات ، با بزانین عەقڵت کامیان وەردەگرێ‌و بە ئاسانی باوەڕی پێ دەکات ..

ئایا باوەڕ بەم حەقیقەتە مەعقوولە دەکات ، کە لە چەندین بەڵگەی بەهێزی لە ژمارە بەدەرەوە پەیدا بوون ، کە قەناعەت بە مرۆڤ دەبەخشن ..

یان باوەڕ بەوە دەکات کە : بوونی هەر شتێك لەگەڵ ئامێرو ئەندامە لە ژمارە بەدەرە پێویستەکانی‌و چەند کردارێکی ئەوتۆ کە ڕوخسارو شەقڵی حیکمەت‌و بەسیرەتیان پێوە دیارە ؟ هەموو ئەمانە بدرێنە پاڵ « سرووشت » تا پێیان هەڵبسێ ، یاخود بگێڕرێتەوە بۆ ئەو ماددە ڕەق‌و تەق‌و بێ گیان‌و هەست‌و بەدیهێنراوە ساکارەی کە ناوی «سرووشت»ی لێ دەنێن ؟!

ئایا ئەمە خورافەتێکی مەحاڵ‌و دوور لە بازنەی گونجانی عەقڵی‌یەوە نیەو بە هەزاران جاریش ؟

کابرای کەللەڕەقی سرووشت‌پەرست ، لەوەڵامدا دەڵێ :

ـ « مادەم داوات لێ کردم ئینساف بەکار بهێنم ، ئەوا دان بەوەدا دەنێم کە ئەو ڕێگە سەر لێ‌تێکدەرەی تا ئێستا گرتبوومانە بەر هەروەك دەیان مەحاڵی تێدایە ؟ هەروەها تا بشڵێی زیان بەخشە . لە ڕاستیدا لەو پەڕی ناشیرینی‌و بێ‌کەڵکی‌دایە . هەر کەسێکیش ئەوەندەی تۆزقاڵێك دارای هەست‌و شعوورو زیری بێ ، لەو لێکۆڵینەوە زانیاری‌یانەی کە ئێوە باستان کردو کە پاڵیان بە بەڵگەی پتەوەوە داوەتەوە ، تێدەگات کە گێڕانەوەی دروست کردن‌و بەدیهێنانی شتان

بۆ سرووشت و هۆکان بە لای عەقڵەوە تا بڵێی مەحاڵ و نەگونجاوە • •
بەڵکوو عەقڵی کامڵ بەلایەوە واجب و پێویستە کە بەدیهێنانی هەرچی شت هەیە یەکسەر بدرێتە پاڵ خواوەندی « واجب الوجود » •

« گەوانە سوپاسێکی زۆر پێشکەشی ئەو خوایە دەکەم کە ڕێگای ئەم ئیمانە پاک و بێ گەردەی پیشان دام و ، ئەم ئیمانەی پێ بەخشیم •

« بەڵام تەنها یەك شوبهەم ماوە ، ئەویش ئەمەیە :

« من باوەڕم بەوە هەیە کە خوا پەروەردگار و بەدیهێنەری هەموو شتێکە ، بەڵام ئایا چ زیانێك لە گەورەیی و سەڵتەنەتی ئەو خواوەندە دەکەوێت کە ئەگەر مەدح و ستایشی چەند هۆیەکی هەندەکی بکرێت لەسەر بەدیهێنانیان بۆ چەند شتێکی کەم نرخ ؟ ئایا ئەم کارە هیچ شتێك لە دەستەڵاتی بە توانای خوای گەورە کەم دەکاتەوە ؟ »

وەڵام :

هەروەك لە هەندێ پەیامدا چەسپاندوومانە سیفەتی فەرمانڕەوایەتی (الحاکمیة) بە چەشنێکە کە هەرگیز ڕێگا بە هیچ کەس و هیچ شتێك نادات کە دەست بخاتە ناو کاروبارەکانیەوە و خۆی تیاهەڵبقورتێنێ • کە ئەمەش پێی دەڵێن : « رد المداخلة » واتە : ڕەتکردنەوەی دەست تێوەردان •• بگرە لەناو مرۆڤیشدا بچووکترین کاربەدەست یان هەر فەرمانبەرێکی ئاسایی ، لە چوارچێوەو سنووری فەرمانبەرێتی و فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا دەرفەت بە کوڕی خۆیشی نادات دەست بخاتە ناو کاروبارەکانیەوە • بگرە لەوەش زیاتر ڕووی داوە ، ئەوەتا هەندێ لەو سوڵتانانەی بە وەهم و خەیاڵیاندا هاتووە کە گوایا کوڕەکانی خۆیان دەست دەخەنە ناو کاروبارەکانیانەوە ؟ یەکسەر ئەو کوڕە بێ تاوانانەی

خۆیان کوشتووە ، هەر چەندەش خاوەنی تەقواو پەرستش‌و خەلیفەی موسڵمانانیش بوون ! ئەمەش ڕادەی ڕەسەنایەتی‌ی یاسای «رد المداخلة»مان لە بواری فەرمانڕەوایەتیدا بۆ ڕوون دەکاتەوە •

ئەم یاسایە هەر لە دوو کەسەوە کە لەسەر بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی بچووکەوە دەبێتە هەرایان ، تا دەگاتە دوو سوڵتان کە ڕقیان لەسەر کاربەدەستێتی‌ی وولاتێك بێت‌و هەر یەکەی بیەوێ بۆ خۆی ڕایبکێشێ ، دەگرێتەوە •

هەروەها یاسای « نەهێشتنی هاوبەش » کە [یاسایەکی ترەو] یەکتابوون لە دەستەڵاتدا (التفرد بالسلطة) داخوازیەتی ، ئەم یاسایەش لە درێژایی‌ی مێژووی مرۆڤدا ، بە کوشتن‌و بڕین‌و ناکۆکی‌و خوێن ڕشتن ، هێزو دەستەلاتی خۆی سەپاندووەو سەقامگیری کردووە •

ئنجا تۆیش وەرەو سەرنجی ئەم مرۆڤە بدە (کە لە ڕاستیدا بەڕێوەبردنی خۆی لە توانادا نیەو ، پێویستی بە یارمەتی‌ی خەڵکی هەیەو ، تەنها سێبەرێکی لاوازی فەرمانڕەوایی‌و کاربەدەستی نەبێ هیچی تر شك نابات) ، کەچی تا ئەو ڕادەیەی بێمان دەرفەت بە هیچ کەسێك نادات کە دەست بخاتە ناو کاروبارەکانیەوەو بە شداری‌ی فەرمانڕەوایەتی بکات‌و بە هەموو هێزێکیشی‌یەوە هەوڵی سەربەخۆیی‌ی خۆی دەدات ••

سەرنجی ئەمە بدەو ئنجا وەرە بیرێك لە فەرمانڕەوای موتڵەق بکەرەوە ، کە خاوەنی عەرشی پەروەردگاریتی‌یەو ، هەر خۆی خاوەن فەرمانەو ، خواوەندی هەموانەو ، هەر تەنها ئەو سەربەخۆی تاك‌و تەنهایەو ، دەستەڵاتێکی ڕەهای وایشی هەیە کە هەرگیز پێویستی بە هیچ

شتێك نیە .. وەرە بیرێك لەمە بکەرەوەو ئنجا بزانە کە دەبێ سەبارەت بەم پەروەردگارو خواوەندە زولجەلالەوە چەند شتێکی حەتمی بێ کە هەرگیز ڕێگا بە هاوبەش نەداتو نەیەڵێ هیچ کەسێك دەست بخاتە ناو کاروبارەکانیو لە فەرمانڕەوایەتی‌یە ڕەواکەیدا بەشداریی بکات ؟ ئایا ئەم هاوبەش نەبوونە چەندە داخوازی‌یەکی ڕەواو حەتمیی ئەو پەروەردگاریتی‌یەیە ؟

جا ئەگەر توانای بەراوردکاری لە خۆتدا شك دەبەیت ، فەرموو ئەم دوو کارە لەگەڵ یەکدا بەراوورد بکە !

سەبارەت بە کەرتی دووهەمی شوبهەکەیشتەوە کە دەڵێ : ئەگەر هەندێ لە هۆکان ببنە سەرچاوی هەندێ پەرستنی ئەوتۆ کە هەندێ شتی بجووكو هەندەکی دەیکەن ، واتە ئەگەر هەندێ پەرستش ئاراستەی هەندێ لە هۆکان بکرێن ، چ کەمو کوڕی‌یەك بەو پەرستنە زۆرانەی هەموو بوونەوەران دەگەیەنێت ، کە هەر لە ئەتۆمەکانەوە تا دەگاتە ئەستێرەو قەبارەکانی ئاسمانو کاکێشان لە بەرامبەر خواوەندی گەورەو پەرستراوی ڕاستەقینەوە دەیانکەنو ئەنجامیان دێنن ؟

وەڵام :

خواوەندی خاوەن زانستو حیکمەت ئەم بوونەوەرەی وەك درەختێکی گەورە دروست کردووە ، خاوەن هەستو شعوورەکانیشی کردووە بە میوەو بەروبوومی ئەو درەختە . وە لەبەر ئەوەی مرۆڤیش سەرجەمترین بەروبوومی نێوان خاوەن هەستو شعوورەکانە ، ئەوا ڕێزێکی زۆری لێناوە ، وە شوکرانەو پەرستش کردنی ئەم مرۆڤەتی کردووە بە گرنگترینو بەرزترین میوەو بەروبوومێك کە ژیانی مرۆڤ

دەبگرێت‌و بەرھەمی دێنێ ، بگرە ئەم دووانە [واتە شوکرانەو پەرستش] ئەنجام‌و مەبەستی دروست بوونی ئەم مرۆڤەن .. جا ئایا دەگونجێ ئەم خواوەندە فەرمانڕەواو تاک‌و تەنھایە کاروباری ئەو مرۆڤەی کە بەروبوومی ھەموو بوونەوەرانە ، بداتە دەست غەیری خۆی ؟ یان بەروبومی ژیانی مرۆڤ [کە شوکرانەو پەرستنە] بە دەستی غەیری خۆی بسپێرێ ؟ باش ئەوەی کە ھەموو کەونی بۆ ئەوە دروست کردووە کە خوایەتی‌ی خۆیان پێ بناسێنێ‌و پەروەردەگاریتی خۆیان لەبەر چاودا خۆشەویست‌و شیرین بکات ؟

ئایا دەگونجێ ئاکامی بەدیھێنان‌و بەروبوومی بونەوەر بەرەو بێ‌مەبەستی (العبث) بڕوات ؟

نەخێر .. ھەرگیز وا نیەو وا نابێ ..

باشان ئایا دەگونجێ خواوەند شتێك بە پێچەوانەی حیکمەتی ڕەھای خۆی بکات ، بەوەی کە بە شتێك ڕازی بێ بەنجە بۆ ئینکاری کردنی خوایەتی‌ی ئەو درێژ بکات ، واتە ڕێگا بە غەیری خۆی بدات تا ئینکاری‌ی پەروەردگاریتی بکەن ؟ لە کاتێکدا کە ئەم خواوەندە گەورەیە لە ڕێگای کردارەکانی‌و لە ڕێگای خۆ خۆشەویست کردنیەوە ـ کە بە ھۆی بلاوکردنەوەی بەدیھێنراوەکانیەوە دەیکات ـ خۆیمان پێ دەناسێنێ ؟

ئایا دەگونجێ ڕێگا بە دروستکراوەکانی خۆی بدات کە خوای خۆیان لە یاد بکەن‌و ئینکاری‌ی مەبەستە بەرزەکانی بەدیھێنانی بوونەوەر بکەن ؟ بەوەی کە دەرفەت بە غەیری خۆی بدات ، تا لە لای کاملترین‌و بەڕێزترین بەدیھێنراوی ئەم خوایە ـ لە ڕووی پەرستش‌و شوکرانە

کردنەوە ـ خۆیان خۆشەویست بکەن ؟

نەخێر هەرگیز شتی وا ڕوو نادات ۰

★ ★ ★

ئێستاش ئەی ئەو برادەرەی وازی لە سرووشت پەرستن هێناوە !

ئەوەی دەتەوێ بیلێی ، فەرموو بیلێ‌و باسی بکە ۰

ئەویش دەڵێت :

ـ ۰ سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئەم دوو شوبهەیەی وا بە ئاسانی بۆ حەل کردم‌و تاوانەکانیشیانی لێ دوورخستمەوە ۰ ئیتر بە تەواوی لەوە دڵنیا بووم کە جگە لە زاتی خوای گەورە هیچ شتێک‌و هیچ کەسێک شایانی تاک‌و تەنهایی‌و پەرستش نیە کەواتە جگە لەو کەسی تر خوا نیە ۰۰ بە ڕاستی دوو بەڵگەی تەوتۆت بۆ ڕوونکردمەوە کە هەرگیز ئینکاری ناکرێن ، مەگەر لە لایەن یەکێکەوە کە ئینکاریی ڕۆژی ڕۆشناو خۆری ناو جەرگەی ئاسمان بکات ۰ ۰

پاشەکی :

ئەم مرۆڤەی کە وازی لە بیرو باوەڕی مولحیدانەی «سروشت» هێناو هاتە ناو بازنەی ڕێڕەوی ئیمانەوە ، دەڵێ :

« سوپاس بۆ خوا هیچ شوبهەیەکم لە دڵدا نەماوەو هەموویان ڕۆشتن . بەڵام چەند پرسیارێکم هەیە سەرم تیایاندا سوڕماوەو سەرنجم ڕادەکێشن :

« پرسیاری یەکەم :

« زۆربەی ئەوانەی کە تەمەنڵ و کەم تەرخەمن و وازیان لە نوێژکردن هێناوە ، لێیان دەبیستین دەڵێن : خواوەندی پەروەردگار چ پێویستی‌یەکی بە پەرستنی ئێمە هەیە ؟ ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا بەو پەڕی توندو تیژی‌یەوە هەڕەشە لەوانە دەکات کە واز لە پەرستش دێنن ، وە بە سزای پڕ لە ئێش و ئازاری وەك دۆزەخ دەیانترسێنێ .. باشە ئایا ئەو شێوازە ڕێك و ڕەوان و لەسەرخۆو پڕ لە ئیعجازەی قورئان چۆن لە گەڵ ئەم شێوازە پڕ لە توندو تیژی‌یەدا دەگونجێ کە یەکپارچە هەڕەشەو گوڕەشەی توندو تیژە لە بەرامبەر تاوانێکی بچووك و هەندەکی‌ی کەم تەرخەوە ؟ » .

وەڵام :

ڕاستە هەرگیز خوای گەورە هیچ پێویستی‌یەکی بە پەرستنی تۆ نیە ، بگرە هەرگیز پێویستی‌ی بە هیچ شتێك نیە . بەڵکوو تۆ پێویستیت بە پەرستنی ئەو هەیە ، چونکە تۆ دووچاری نەخۆشی‌یەکی مەعنەوی بوویت ، پەرستنیش مەڵهەمێکی ساڕێژکاری ئەو نەخۆشی‌یەیەو ، دەرمانێکە دژی ژەهرەکانیەتی .

ئەمەشمان لە زۆر پەیامدا چەسپاندووە ، نموونەکەیشی بەم جۆرەیە :

ئەگەر بێت‌و پزیشکێکی دڵسۆزی میهرەبان‌و بە شەفەقەت بە نەخۆشێکی خۆی بڵێ : ئەم دەرمانە شیفا بەخشە بخۆ ، کەچی نەخۆشەکە لە وەڵامدا پێی بڵێ : بۆچی وا بە گەرمی داوای خواردنی ئەم دەرمانەم لێ دەکەیت ؟ تۆ حەقت چیە بەسەرمەوە ؟..

ئایا ڕادەی بێ نرخی‌ی قسەی کابرای نەخۆشت بۆ دەرناکەوێ ؟

سەبارەت بە قورئانی پیرۆزیشەوە کە بە سزای ئازاردار هەڕەشە لەوانە دەکات واز لە پەرستش دێنن ، ئەوا بە نموونەیەك ڕوونی دەکەینەوە :

هەروەك سوڵتان تۆڵەی توندو تیژ لەو کەسە دەسێنێتەوە کە بە ئاواتێکی وا هەڵسابێت مافی خەڵکی تیا پێشێل کردبێت لە پێناوی پاراستنی ژیان‌و مافی هاووڵاتیانی خۆی‌و ئەوانەی لە ژێر دەستی حوکمداری‌و فەرمانڕەوایەتی‌ی ئەودان ؛ هەروەك ئەم سوڵتانە ئەم کارە دەکات‌و ئەو تۆڵەیە دەسێنێتەوە ، هەروەها خواوەندی گەورەش کە سوڵتانی ئەزەل‌و ئەبەدە ــ سزای توندو تیژی ئەوانە دەدات کە وازیان

لە نوێژو پەرستش هێناوە • چونکە بەم وازهێنانە دەست درێژیو ستەم لە بوونەوەران دەکەنو مافیان دەخۆن • ئەو بوونەوەرانەی کە لە ژێر حوکمداریو فەرمانڕەوایی ئەو خوایەدان ، کەمالاتیان لە شێوەی تەسبیحاتو پەرستشدا دەردەکەوێ ، کە بەو ڕوویان ڕووی لە خوای بەدیهێنەرو خاوەن حیکمەتە ، ئەم تەسبیحاتو پەرستشانە دەردەبڕن ••

جا ئەو کەسەی وازی لە پەرستش هێناوە ، نە پەرستشی ئەو بوونەوەرو بەدیهێنراوانە دەبینێ ، وە نە دەشتوانێ بیانبینێ ، بگرە ئینکاریی پەرستشیشیان دەکات •• جا کە ئەو پەرستشانەشی نەبینیو ئینکاریشی کردن ؛ ئەوا لە نرخو بایەخی ئەم بوونەوەرانەی کە لە بارەی پەرستشو تەسبیحاتەوە هەر یەکەیان نووسراوێکی خواییو ئاوێنەیەکی درەوشاندنەوەی ناوەجوانەکانی پەروەردگارن ، کەم دەکاتەوەو بایەخیان ناداتێو لەو پلەو مەقامە بەرزەی خۆیانەوە دایاندەگرێو بە ووشکو ڕەقو تەقو بێفەرمانبەریو بێ مەبەستیان دەزانێ •• ئەم کارەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو مرۆڤە دوور لە پەرستشە گاڵتە بە بوونەوەرانو ئینکاریی کەمالاتیان دەکاتو دەست درێژی دەکاتە سەرمافەکانیان ••

بەڵێ ، هەر مرۆڤێك کە دەڕوانێتە ئەم کەونە ، ئەوا بە دووربینی تایبەتیی خۆیو لە ڕوانگەی درەوشاندنەوەی ئاوێنە تایبەتییەکەی خۆیەوە بۆی دەڕوانێ • چونکە خواوەندی بەدیهێنەر مرۆڤی لەسەر شێوەی تەرازووی ئەم کەونە دروست کردووە ، کە بە هۆی ئەم تەرازووە کە لە خۆیدایە بتوانێ هەموو کاروبارێك بەراوورد بکات ، وە خواوەندی گەورە جیهانێکی تایبەتیی بە هەموو مرۆڤێك بەخشیوە لەم جیهانە گەورەو گشتییەدا •• جیهانی تایبەتیی هەرکەسێکیش بە گوێرەی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕە تایبەتییەکەی دڵو دەروونی

خۆیەتی • دەبینین ئەو کەسەی نائومێدو خەفەتبارە ، بوونەوەریش لەبەر چاویا لە گریان‌و خەفەتباریدایە • بەڵام مرۆڤی بەختەوەرو دڵخۆش ، بوونەوەرانی بە دڵخۆش‌و دەم بە پێکەنینەوە دێتە بەر چاو •

هەر بەم چەشنەیش ، ئەو کەسەی کە بەتێفکرین‌و هەست‌و شعووری تەواو و سەرنج‌و لێبڕانەوە پەرستنەکانی خۆی بەجێ دەهێنێ ؛ شتێکی لە پەرستنە حەقیقی‌و گومان لێنەکراو و چەسپاوەکەی بوونەوەران بۆ دەردەکەوێ •• بەڵام ئەوەی وازی لە پەرستش هێناوەو بێ ئاگایە لێی‌و ئینکاریی دەکات ، ئەوا وەهمێکی هەڵەی لە مێشکی خۆیدا بۆ بوونەوەران بڕیار داوە کە تا بڵێی پێچەوانەی حەقیقەتی ئەو بوونەوەرانەیە • ئەمەش دەست درێژی کردنێکی مەعنەوی‌یە بۆ سەر مافی ئەو بوونەوەرانە •

لەوەش زیاتر لە مرۆڤی نوێژنەکەرەوە ڕوو دەدات • چونکە کابرای نوێژ نەکەر تەنها بەوەندەوە نەوەستاوە کە باسمان کرد ، بەڵکوو ستەم لە خۆیشی دەکات کاتێ کە واز لە نوێژ کردن دێنێ ، چونکە خۆی خاوەنی زاتی خۆی نیە تا بە سەربەستی بجووڵێتەوە ، بەڵکوو بەندەیەکی خاوەنداره لە خزمەت خاوەنەکەی خۆیدا • خۆ دیارە ئەم بەندەیەش بە ئەرکی بەندایەتی هەڵنەساوە ، ئیتر لەبەر ئەوەیە کە خاوەنەکەی خۆی هەڕەشەی توندو تیژی لێ دەکات ، تا مافی بەندەکەی خۆی لە (نەفسی ئەممارەی) ئەو بەندەیە بسێنێتەوە •

جگە لەمانەش ، کاتێ ئەو بەندەیە واز لە پەرستش دێنێ ، ئەو پەرستنەی کە ئاکام‌و پوختەی مەبەستی بەدیهێنانی بوونەوەرانە ، مانای وایە لە سنووری خۆی دەرچووەو دەست درێژی کردووەتە سەر حیکمەتی خواوەندو ویستی پەروەردگار ••

کـەواتە دەبێ لەسـەر هەموو ئەمـانە سـزای توندو تیژ بدرێ •
لەمانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە :

ئەو کەسەی واز لە پەرستنی دێنێ هەروەك ستەم لە خۆی دەکـات لە کاتێـکدا کە خۆی بەندەی خواوەندە لەهەمان کاتیشدا دەست درێژی دەکاتە سەر مافی کەمالاتی بوونەوەرانو ، ستەمیان لێ دەکات •

بەڵێ ، هەروەك کافرێتی بریتی‌یە لە بێ‌نرخ زانـینی بوونەوەرانو گاڵتە پێ‌کردنیان ، واز هێنانیش لە پەرستن بریتی‌یە لە تێکاری کردنی کەمـــالاتی بوونەورەرانو دەست درێژی کردن بۆ ســـەر حیـکمەتی پەروەردگار ، هەر لەبەر ئەوەیشە کە شایـستەی ئەوە دەبێ هەڕەشـەی توندو تیژی لێ بکرێو سزای بەئازاریش بدرێ •

کـەواتە قورئانی پیرۆز شێوازی هەڕەشەو ترساندنی بۆ ئـەوە گرتووەتە بەر کە ئەم شایـستەیی‌یەو ئەو حەقیقەتە ناو براوانە دەربڕێ • کـەواتە ئەم شێوازەی قورئان شێوازێکە تا بڵێی پڕ لە ئیعجازەو ، لەگەڵ داخوازیی حـاڵو مەقامـدا کـە بەلاغەتی ڕاستەقینەی قورئانە تا بڵێی گونجـاوە •

پرسیاری دووهەم :

ئەم مرۆڤەی کـە وازی لە « سروشت » هێناو ئێستا بە بەختەوەریی « ئیمان » شادبوو ، دەڵێ :

« گوێ ڕایەڵیی هـــەموو بوونەوەر (موجـود)ێك ، لە هـەر جێگایەکدا بێت ، وە لە هەموو کاروبارێـکی خۆیداو لە هەموو ئیشێکیدا کـە پێی هەڵدەستێ ؟ گوێ ڕایەڵیی ئـەم بوونەوەرە بەو جـەشنە بۆ ویستی خوایی‌و توانستی پەروەردگاری ، لە ڕاستیدا حەقیقەتێکی تا بڵێی

گەورەیە ، وە هەر لەبەر فراوانیو گەورەییەکەیشیەتی کە لە زەینی کولو کورت بینی ئێمەدا جێگای نابێتەوە •• لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە چاوی خۆمان زۆرییەکی زۆر لە بەدیهێنراوانو ، ئاسانییەکی ڕەها لە دروست بوونیاندا دەبینین ، وە ئەم ئاسانیبەش کە لە بەدیهێناندا هەیە ، لە ڕێگای ئەو بەڵگە پتەو و زۆرانەی ئێوەوە بۆمان ساغ بووەوە ، کە چەسپاندیان ئەو ئاسانییە لەوەدایە کە ئەوبوونەوەرانە تەنها یەك بەدیهێنەریان هەیە ، بۆیە وا ئەو ئاسانییەیان لە دروست بووندا بۆ ڕەخساوە • ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتدا بە سەراحەت ئەم حەقیقەتەی بڕیار داوە • وەك ئەم ئایەتانەی کە دەفەرموون :

« ما خلقكم ولا بعثكم الا كنفس واحدة »

(سورة لقمان/٢٨)

« وما أمر الساعة الا كلمح البصر أو هو أقرب »

(سورة النحل/٧٧)

هەموو ئەمانە وا لەو حەقیقەتە دەکات [واتە ئاسانیی بەدیهێنان] کە بە لای عەقڵەوە مەسەلەیەکی ئاسانو وەرگیراو بێت •• باشە ئایا چ (نهێنی)یەك لەم ئاسانییەدا هەیەو ، چ (حیکمەت)ێکی تێدا شارراوەتەوە ؟! »

وەڵام :

ئەو (نهێنی)یە لە ووتەی دەهەمی «مەکتووبی بیستەم» بە تایبەتی لە پاشکۆکەیدا کە شەرحی « وهو علی كل شيء قدير » دەکات ، زۆر بە ڕێكوپێکیو بە چەشنێکی قەناعەتدەرو شیفا بەخش ڕوون بووەتەوەو بە جوانی چەسپێنراوە کە :

هەرکات بەدیهێنانی بوونەوەران بە گشتی بدرێتە پاڵ بەدیهێنەری تاك و تەنها ، ئەوا بە ئەندازەی بەدیهێنانی یەکێکیان ئاسان دەبێت • بەڵام هەرکات بەدیهێنان نەدرێتە پاڵ بەدیهێنەری تاك و تەنها ، ئەوا ئەو کاتە بەدیهێنانی تاکە یەك شت بە قەدەر بەدیهێنانی هەموو بوونەوەران گران و قورس دەبێت • واتە بەدیهێنانی (تۆو)ێك بە ئەندازەی بەدیهێنانی (درەخت)ێك قورس و گران دەبێت • بەڵام لە کاتی گێڕانەوەی دروستکردندا بۆ بەدیهێنەری تاك و تەنهاو ڕاستەقینەی خۆی ، کارەکە ئەوەندە ئاسان دەبێت کە بەدیهێنانی هەموو بوونەوەران وەك بەدیهێنانی یەك درەخت و ، درەختێکیش وەك یەك دانە (تۆو) و ، بەهەشتیش وەك وەرزی بەهارو ، بەهاریش وەك تاقە گوڵێکی لێدێت و ئاسان دەبێت •

وا ئێستاش لە نێوان سەدان بەڵگەدا کە لەپەیامەکانی نوردا ڕوون کراونەتەوە ، پەنجە بۆ یەك دووبەڵگە درێژ دەکەین لەو بەڵگانەی کە ئەو نهێنی‌یە شاراوەیە ڕوون دەکەنەوە کە لە زۆری‌ی ئەو بوونەوەرەلەژمارە بەدەرانەی بەرچاومان و زۆری‌ی تاکەکانی ئەو جۆرانەو ، لە دروستبوونیاندا بەو پەری ئاسانی‌و لەو پەڕی ووردەکاری‌و ڕێك‌وپێکی‌دا ، هەیە •

ئەمەش یەکێکە لەو نموونانە :

بەڕێوەبردنی (سەد) سەرباز لە ژێر فەرمان و چاودێری‌ی یەك ئەفسەردا ، سەد ئەوەندەی ئەوە ئاسانە کە بەڕێوەبردنی (یەك) سەرباز بە (سەد) ئەفسەر بسپێردرێ •

هەروەها ، هەرکات دابین کردنی پێداویستی‌یە سەربازی‌یەکانی سوپایەکی تەواو لە یەك کارگەو مەڵبەنددا بێت و بە یەك یاساو یەك

فەرمـان ڕوو بدات کـە یەك پێشـەوا دەری بـکات ، ئەم کارە ، لـە ڕوانـگەی چەندایەتی‌یەوە ، بـە ئەندازەی دابین کردنی پێداویستی‌ی یەك دانە سـەرباز ئاسـان دەبێت .. کەچی دابین کردنی پێداویستی‌ی یەك سـەرباز لە چەند کارگەو مەڵبەندێکی جیاجیاو بە فەرمانی چەند پێشەوایەك ، هـەر لە ڕوانـگەی چەندایەتی‌یەوە ، بە ئەندازەی دابین کردنی پێـداویستی‌ی سوپایەکی سـەربەخۆو تەواو ، گران‌و قورس دەبێت . چونـکە ئەو کاتە دابین کردنی پێداویستی‌یە سەربازی‌یەکانی یەك تاکە سەرباز ، بە ئەندازەی پێویسـتی‌ی هەموو سوپا پێویستی‌ی بـە کارگەی جۆراو جۆر دەبێ .

هەروەها بە چـاو دەبینرێ هەزاران دانە میوەو بەروبووم کـــە تەنها یەك درەخت دەیانـگرێ ، تەنها لـە یەك ڕەگ‌و یەك مەڵبەندو بە پێی یەك یاسـا ماددە پێویستی‌یەکانی خۆیان وەردەگرن‌و ، ئەمـەش ئەوەندە بە سـووك‌و ئاسـانی تەواو دەبێ ، وەك بڵێی ئەو درەختـــە تەنها یەك دانە بەری گرتبێت .. ئەمەش بە هۆی (نهێنی)ی «تاك بوون ـ الوحدة»وە . بەڵام ئەگـەر بێت‌و ئەم تاك بوونە لا ببرێ‌و « زۆری ـ الكثرة » لە جێگایدا دابنرێ ؟ واتە ئەگـەر بێت‌و هەر یەك لـەو میوەو بەروبوومانە مـاددە پێویستەکانی خۆی لە چەند مەڵبەندێـکی جیا جیادا وەربـگرێ ، ئـەوا ئەو کـاتە بەدیهێنانی یەك دانـە بەر بە ئەندازەی بەدیهێنانی درەختێك گران‌و پڕ لە گیروگرفت دەبێ . بگرە بەدیهێنانی (تۆو) ، کـە نموونەو پێرستی درەختێکە ، بە قەدەر خودی درەختەکە قورس‌و گران دەبێت . چونـکە ئەو ماددانەی کە بۆ ژیانی درەختەکە پێویستن ؟ هەر هەمان ماددەیشن کە بۆ ژیانی تۆوەکە پێویستە بین .

سـەدان نموونەی تری هاوچەشنی ئەم نموونانە هەن ، وە هـــەر

هەمووشیان ئەوە ڕوون دەکـەنەوە کـە : پەیدا بوونو دروست بوونی هەزاران بەدیهێنراو لـە ڕێـگای تاك بوون «الوحدة»وە زۆر زۆر لەوە ئاسانترە کـە تەنها یەك بەدیهێنراو لە ڕێـگای (زۆری) و (هاوبەش) بوونەوە بێتە ناو جیهانی بوونو بەدی بهێنرێ •

جا لەبەر ئەوەی ئـەم حەقیقەتەمان لـە چەندین پەیامی تردا بـە چەشـنێکی گومان لێنەکراو چەسپاندوە ، ئەوا خوێنەری بەڕێز ڕەوانەی ئەو پەیامانە دەکـەین •• بەڵام لێرەدا تەنها یەك (نهێنی)ی گەورە باس دەکەین کە پەیوەندی‌ی بـەم ئاسانی‌یەوە هـەیەو ، لە ڕوانـگەی « زانسـت » و « قەدەر »ی خواو «توانست»ی پەروەردگارەوە دەڕوانێتە مەسـەلەکە :

هیچ گومـانێك لەوەدا نیـە کـە تۆ وەك مرۆڤێك هەیت ، وە یەکێـکی لەو بوونەوەرانەی کە خاوەنی «بوون»ن • •

جا ئەگەر خۆت تەسلیمی خواوەندی خاوەن « توانستی ڕەهـا » بکەیت ؛ ئەوا لە ماوەی چاوتروکاندنێکدا لە هیچو (نەبوون)ەوە بـە فەرمانێـکی ئـەو ، وە بە دەستی قودرەتی ئـەو ، دروست دەبیتو «بوون»ت پێ دەبەخشرێ •• بەڵام ئەگەر خۆت تەسلیمی ئەو نەکەیتو بەدیهێنانی خۆت بۆ هۆ ماددی‌یەکان بـگێڕیتەوەو خـۆت تەسـلیمی « سروشت » بکەیت ، ئـەوا بۆ بەدیهێنانی تۆ [کە تەنها یەك کەسیت] دەبێ هەموو ماددە پێویستەکانی پەیدابوونت لە هەموو جیهانو هەموو کـەوندا کۆ بکرێنەوەو ، لە چەندین پاڵێوگە (المصفی)دا بپاڵێورێنو بە چـەندین تاقی‌کردنەوەی جـۆراو جۆردا تێـەڕ بنو بە چـەندین تەرازووی ووردی هەستیار بکێشرێن • چونـکە تۆ پوختەیەکی ڕێكو پێكو ، بەروبوومێکی پێگەیشتوو و ، پێرستێـکی بچووکی هـەموو

ئەم کەونەیت ، وە لیستەیەکیت کە هەموو ماددەکانی کەونی تیدایە •

بەڵێ ، ئەم گەڕان و پشکنین و کۆ کردنەوەیە [ئەو کاتە] شتێکی پێویست دەبێ • چونکە هێ ماددی‌یەکان تەنها کۆ کردنەوەو پێك هێنان (الجمع والترکیب) نەبێ هیچی تریان لە توانادا نیە • لە لای زیران و خاوەن هەستانیش چەسپاوە کە هێ ماددی‌یەکان ناتوانن هیچ ماددەیەك لە نەبوونەوە دروست بکەن و بوونەی پێ ببەخشن •• جا لەبەر ئەوەی هێ ماددی‌یەکان شتی وایان لە توانادا نیە ، ئەوا چار نیە دەبێ بۆ دروست کردنی تەنی هەر زیندەوەرێك [ئەگەر وا دابنرێ تەنی هەر زیندەوەرێك هێ ماددی‌یەکان دروستی دەکەن] ئەو ماددانەی پێویست دەبن ، لە هەموو سووچ و جێگایەکی جیهاندا کۆ بکرێنەوە ••

ئیتر تۆیش دەتوانی لەم نموونەیەوە ڕادەی ئەوئاسانی‌یە بزانیت کە لە ڕێگای (یەك بوون) و (یەکتاپەرستی ـ التوحید)دا هەیەو ، بە ڕادەی گرانی و گیروگرفتی بەدیهێنانیش تێ بگەیت کە لە ڕێگای (هاوبەش بڕیاردان ـ الشرك) و (گومڕایی ـ الضلالة)دا هەیەو دێتە کایەوە •

دووهەمیان :

لە ڕوانگەی (زانستی) خوایشەوە ئاسانی‌یەکی ڕەها [لە بەدیهێناندا] هەیە • ئەویش • بەم جۆرەی خوارەوەیە •

« قەدەری خوا » جۆرێکە لە « زانستی خوا » ئەم قەدەرە ئەندازەی هەموو شتێك لەو زانیاری‌یەدا دیاری دەکات ، وەك بلێی قاڵێکی مەعنەوی و تایبەتی‌ی ئەو شتەیە • کەواتە ئەو ئەندازەیەی کە لە قەدەری خوادایە وەك نموونەو نەخشەی ئەو شتە وایە کە لە

زانستی خوادا دیاری کراوەو لە پاشاندا بەدی دەهێنرێ .. جا هەرکات کە توانستی خوائەو شتە بەدی دەهێنێ ئەوا لەسەر ئەو ئەندازەیە بەدیی دەهێنێ کە زووتر (قەدەری خوا) نەخشەی بۆ کێشابوو ، وە ئیتر بەوپەڕی ئاسانی‌یەوە دروست دەکرێو بەدی دەهێنرێ .

جا ئەگەر بێتو دروست کردنی ئەو شتە لە نەبوونەوە نەدرێتە پاڵ ئەو خوایەی کە خاوەنی زانستێکی ڕەهاو ئەزەلی‌و گەورەیەو خاوەندی بە توانستو ذوئجەلاله ؟ ئەوا نەك تەنها هەزاران گیروگرفت پەیدا دەبێو بەس ، بەڵکوو سەدان مەحاڵیش ڕوو دەدات . چونکە ئەگەر بێتو ئەو ئەندازەیەی کە لە (قەدەر) و (زانستی) خوادا دیاری کراوە ـ وەك لە حاڵەتی یەکەمدا هەیە ـ لەکایەدا نەبێ ، ئەوا دەبێ هەزاران قاڵبی ماددی‌و خاوەن وجوودی خاریجی لە تەنی بچووکی ئەو زیندەوەرەدا بەکار بهێنرێ !

دەسا تۆیش ـ کاکی خۆم ! ـ لەم نموونەیەوە لەو ئاسانی‌یە ڕەهایە تێ بگە کە لە دروستکردندا هەیە کاتێ ڕێگای یەکتایی (التوحيد) لەم مەسەلەیەدا ڕەچاو دەکرێ . هەروەها لەو گیروگرفتانەش تێبگە لە ڕێگای هاوبەش بڕیاردانو گومڕایدا هەن .

پاشان ئەو حەقیقەتە ڕاستو ڕەوانو بەرزە بزانە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەری دەبڕێو ڕایدەگەیەنێ کە دەفەرموێ :

« **وما أمر الساعة الا كلمح البصر او هو اقرب** »

(سورة النحل/٧٧)

پرسیاری سێ‌هەم :

ئەم مرۆڤەی کە لە پێشدا دوژمنایەتی لەگەڵ ئیماندا دەکردو ئێستا بۆی شادبووە ، دەڵێ :

« فەیلەسووفە گەورەکانی سەردەم دەڵێن : هیچ شتێك لە بوونەوە بەرەو نەبوون ناڕوات‌و لەناو ناچێت ، وە لە نەبوونیشەوە هیچ شتێك دروست ناکرێت ، کە ئەمەش بە ڕستەی : « المادة لا تفنى ولا تستحدث» دەردەبڕن » هەروەها دەڵێن : هەرچی‌یەك لە بوونەوەردایە تەنها بریتی‌یە لە پێکهێنان‌و شیتەڵ بوون » »

وەڵام :

فەیلەسووفە گەورەکان لە ڕوانگەی نووری قورئانی پیرۆزەوە نەیانڕوانیوەتە بوونەوەران » کاتێکیش کە لە کلاوڕۆژنەی « سروشت » و « هۆکـــان »ەوە بۆیان ڕوانیوە ، بۆیان دەرکـــەوتووە کە : هاتنەدی‌و یەکگرتنی ئەم بوونەوەرانە لە ڕێگای سرووشت‌و هۆکانەوە نەگونجاو و پڕ لە گیروگرفتە ـ وەك ئەوەی کـە ئێمە پێشتر باسمان کرد ـ جا لەبەر ئەمە ئەم فەیلەسووفانە لەم مەسەلەیەدا بوون بە دوو بەشەوە :

بەشی یەکەمیان : بوون بە « سۆفسطائی » ، وە دەستیان بـە تەواوی لە عەقڵی خۆیان داشۆرد ، ئەو عەقڵە هەستیارەی کە مرۆڤی لە ئاژەڵ پێ جیاکراوەتەوە » ئـــەم بەشەیان کـە ئەم ڕێـگەیان گرتەبەر ، کەوتنـە ناوەندی بێ عـــەقڵی‌یەکی زۆر پەست‌تر‌و نزمتردەوە لـــە بێ عەقڵی‌ی ئاژەڵان » چونکە سەیریان کرد ئینکاری کردنی بوونی بوونەوەران‌و بوونی خۆیشیان ، بە لای عەقڵەوە لەوە ئاسانترە کە کاروباری بەدیهێنان بە دەست سرووشت‌و هۆکـــانەوە بێت ـ هـــەروەك گومڕایان لـــەو باوەڕەدان ـ بەم جەشنە ئەم بەشەیان لەسەر لوتکەی کەماڵی عـەقڵەوە بەرەو لیتاوی نەفامی‌ی موتڵەق کەوتنەڕێ‌و شۆڕبوونەوە »

بەشی دووهەمیشیان ، کـاتێ لـە گۆشـەی سرووشت‌و هۆکانەوە سەیری بوونەوەرانیان کردووە ، لایان وابووە کــە ئـەو سرووشت‌و

هۆیانە بەدیهێنەری ئەو بوونەوەرانەن ـ هەروەك لە گومڕایدا ئەم ڕایە شتێکی باوە ـ بەڵام سەرنجیان داوەو بۆیان دەرکەوتووە کە بەدیهێنانی شتێکی تا بڵێی بچووکی وەك (مێشوولە) یان (تۆو) چەندین ئیروگرفتی لە ژمارە بەدەری تێدایەو پێویستی بە توانستێك دەبێت کە عەقڵ پەی پێ نەبات • لەبەر ئەوە خۆیان بە ناچار زانیوە کە ئینکاری ی خوودی بەدیهێنان بکەنو بڵێن : « هیچ شتێك لە نەبوونەوە بەدی ناهێنرێت » ، پاشان لایان وابووە کە لەناوچوونی هەرشتێکیش مەحاڵە ، ئیتر بڕیاریان داوە کە « هیچ شتێکی خاوەن « بوون » لە بوونەوەردا لەناو ناچێت » • وە بە خەیاڵی خۆیان «بوون»ی بوونەوەریان بە چەند بارو دۆخێکی ئیعتیباری ی وەك (شیەڵ کردنو کۆکردنەوە) لێك داوەتەوە ، کە ئەتۆمەکانی بوونەوەرو ئەووزمەکانی ڕێکەوت (الصدفة) بەرهەمی دێنن !

دەسا تۆیش وەرەو سەرنجێکی ئەوانە بدە کە خۆیان لە لوتکەی ئاقڵاندا داناوە • سەیرێکیان بکەو بزانە لە چ چاڵو شیوو دۆڵێکی بێ عەقڵیدا دەگەوزێن ! لەمەیشەوە ئەوە بزانە کە چۆن ڕێگای گومڕایی (الضلالة) وا لەم مرۆڤە ڕێزلێگیراوە دەکات کە دەیخاتە ناو هەڵوێستی اوا گاڵتە پێکراو و سەرشۆڕییەوە ، وە چۆن بەرەوخوارو ڕووەو نەفامییەکی ڕووت باڵی پێوە دەنێو دەیخاتە خوارەوە •• سەیرێکی ئەمە بکەو سەرنجی لێ بدەو ئنجا پەندی لێ وەربگرە !

پاشان ئایا چ شتێك لە توانستی ئەو کەسەوە بە دوور دەزانرێ کە لە هەموو ساڵێکداو لە سەر ڕووی زەویدا چوار سەد هەزار جۆری زیندەوەر بەدی دەهێنێ ، ئەو کەسەی کە هەموو ئاسمانەکانو زەوی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروست دەکاتو ، لە هەموو بەهارێکیشدا کەونێکی

زیندووی نوێ ـ کە لـە هەموو کـەون زیاتر ووردەکاریو حیکمەتی پێوەدیارە ـ لە ماوەی شەش حەفتەدا دروست دەکات .. ئەو خواوەندە بەدیهێنەرو بە توانایەی کە بە توانستی خۆی هەموو ئەو بوونەوەرانەی کـە لە زانستی خۆیدا ئەندازەیان دیاری کراوەو نەخشەیان کێشراوە ، بـــەو پەڕی ئاسانی یەوە دروست دەکـــات ، وەك ئاسانیی دەرخستنی نووسراوێـکی نەبینراو تەنها بە هێنانی مـاددیەکی کیمیـایی تایبـەتی بەسەریدا .

جـا ئیتر بـــە دوور زانینی بەخشینی بوونی خـــاریجی بـــەو بوونەوەرانەی کـە لـــە زانستی خـــوادا نەخشـەیان کێشراوە ، بـــە دوورزانینی ئەمــە لە توانستی ئەزەلیی خواو ، پاشان ئینکاری کردنی خودی بەدیهێنان ؟ زۆر لـــە نەفـــامیو بێ عـەقڵیی سۆفسطائی یەکان بێ عەقڵی ترو نەفامی ترە .

(نەفس)ی ئـەو سـەر لێشێواوانە ، کـــە تا بڵێی کۆڵەوارو بێ دەسـتـەڵاتن ، لـە سنووری خۆیان دەرچوونو ئیـددیعای فیرعەونیتی دەکـەن . جـا کـە سەرنج لە خۆیان دەدەنو دەبینن لەناوبردنی هیچ شتێكو بەدیهێنـانی هیچ شتێکیان لە توانادا نیـیە ، چ ئەتۆمێك بێت ، یان هەر ماددەیەك کە لە (نەبوو) و هیچەوە دروستی بکەن ، وە کە دەبینن سرووشتو هۆ ماددی یەکانیش ، کـــە ئـــەوان پاڵیان پێوە داوەتەوەو شانازیی پێوە دەکەن ، ئەوانیش کۆڵەوارنو ناتوانن هیچ شتێك لـــە نەبوونەوە دروست بـکەن .. کاتێك ئەمـانە لێك دەدەنەوە ، نەفـامیو بێ عەقڵیان دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە دەڵێن : « المادة لا تفنى ولا تستحدث » واتە مـاددە نە لەناو دەچێو نە دروست دەکرێ . وە دەشیانەوێ ئـــەم قاعیدە هەڵەو ناڕەوایە لـە هەموو شتێـکی تردا بڵاو بکەنەوە ، بە ڕادەیەك

کە دەیانەوێ توانای خواوەندی خاوەن توانستی ڕەهایش بخەنە ژێر ڕکێفی ئەو قاعیدە هەڵەو ناڕەواو ساکارەیانەوە ٠

بەڵێ ، خواوەندی خاوەن توانسی ڕەهاو ذولجەلال ، دوو جۆر بەدیهێنان بەکار دەهێنێ ٠

یەکەمیان : بەدیهێنان‌و دروستکردن (الاختراع والابداع) واتە لە نەبوون‌و لە هیچەوە « بوون » دەبەخشێ بەو شتەی کە دروستی دەکات ، وە هەرچێکیش ئەو بەدیهێنراوە پێویستی پێی هەیە ، هەر ئەو خوایە لە نەبوونەوە بۆی بەدی دەهێنێ‌و پێشکەشی دەکات ٠

دووهەمیان : بە بنیاتنان‌و سەنعەت ٠ واتە بۆ مەبەستی دەرخستنی کەماڵی حیکمەتی خۆی‌و ، بۆ درەوشاندنەوەی زۆربەی ناوەجوانەکانی خۆی‌و ، بۆ غەیری ئەمانەیش لە حیکمەتە زۆرو ووردەکانی خۆی ، هەر لە ماکەکانی بوونەوەر ، بەشێك لە بوونەوەران بەدی دەهێنێ ٠ پاشان بە پێی یاسای «ڕۆزی پەیدا کردن» ئەو ماددەو ئەتۆمانەی کە گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی ئەو خوایەن ، دەیانێرێ بۆ ئەو بوونەوەرەی کە لە ماکەکانی بوونەوەر بنیادی ناوون ، وە ئەو ئەتۆم‌و ماددانە دەکاتە گوێڕایەڵ‌و خزمەت گوزاری ئەو بوونەوەرە ٠

بەڵێ ، خواوەندی خاوەن توانستی ڕەها دوو جۆر بەدیهێنان بەکار دەهێنێ کە لە شێوەی : « بەدیهێنان » و « بنیادنان » دان ٠ کەواتە لەناوبردنی شتێکی « بوو » و بەدیهێنانی شتێکی «نەبوو»ی زۆر بەلاوە ئاسانە بگرە ئەم یاسایە یاسای کارگێری خواوەندە لە کەوندا ٠

جا ئیتر ئەو کەسەی کە لەناوبردنی ئەو بوونەوەرانەی کە لە بەهاراندا خوا بەدیان دەهێنێ ، لەو توانستەی بە دوور بزانێ کە لە

هـــەموو بەھارێـکدا سێ‌سەد هـــەزار جۆر زیاتر لـــە بوونەوەران‌و زیندەوەران دروست دەکات‌و ، شکڵ‌و شێوەو سیفەت‌و چۆنێتی‌و حاڵەت‌و بـــگرە دروســت کردنی گەردیلەکانیشیان لە نەبوونەوە بەدی دەهێنێ • • ئـــەو کەســـەی « بەدیهێنان » و « لەناوبردن » لەم توانستەوە بـــە دوور بزانێ‌و بڵێ : ئەو توانستە ناتوانێ لە نەبووەوە هیچ شتێك دروست بکات ؟ مانای وایە دەبێ ئەو کەسە خۆی لەناو ببرێ !

ئەم مرۆڤەی کە وازی لە « سرووشت » هێناو ڕێـگای «حەقیقەت»ی گرتە بەر ، دەڵێ :

« بەئەندازەی هەموو ئەتۆمەکان سوپاسی زۆرم پێشکەشی خوای خۆم دەکەم • ئەو خوایەی کـە یارمەتی‌ی دام ئیمانم دەستگیر بێ‌و لـە هەموو وەهم‌و گومڕایی‌یەکیش دەرباز‌ی کردم‌و ، ئیتر هەموو شوبهەو گومانەکانم لەناوچوون نەمان » •

نووسەر لە چەند دێڕێکدا

★ مامۆستا « سەعیدی نوورسی » لـــە گوندی (نوورس)ی نزیـــکی دەریاچەی (وان) لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە ساڵی ١٢٩٣هـ/١٨٧٣ ز لە دایك بووە •

★ هـــەر لـــە منداڵییەوە زیرەکیی پێوە دیار بووە ، لە لای زانا بەناوبانگەکانی ســـەردەمی خـــۆی زانستـــە ئیسلامییەکانی خوێندووەو دەستێــکی باڵای لەو زانستانەدا پەیدا کردووەو ، لـــە تەمەنی (چواردە) ساڵیدا بڕوانامەی (عالی)ی وەرگرتووە •

★ زانستە نوێیەکانی سەردەم سەرنجیان ڕاکێشاوە ، لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٨٩٣زدا لە شاری (وان) دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ئەو زانستانەی وەك : (بیرکاری ، فەلەك ، کیمیا ، فیـزیا ، زەوی ناسی •••• هتـد) وە لـە هەندێکیشیاندا کتێبی داناوە •

★ لەبەر ئـەم زیرەکییە بۆ هـاوتایەی ناوبانـگی بـە (سـەعیدی مەشهوور) و (بدیع الزمان) بڵاو بووەتەوە •

★ لە کاتی هەڵگرساندنی جەنگی جیهانیی یەکەمدا کراوە بە فەرماندەی هێزە پارمەتی دەرەکان کە لەقوتابیەکانی خۆیو خۆبەخت کەران پێك هاتبوون ، وە لە چەندین جەنگدا لەگەڵ ڕوسەکانا بەشداریی کردووە ، وە بەڕادەیەك ئازایەتیی تیا نواند بوو کە سەرنجی فەرماندە سوپاییەکانی ڕاکێشابوو .

★ لەم جەنگەداو لە کاتی بەرگری کردندا لە شاری « بەدلیس » بریندار کراوەو ڕووسەکانیش بە برینداری دیلیان کردووە ، پاش دوو ساڵو چوار مانگ دیلی لە (سیبیریا) هەڵهاتووەو گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبووڵ . وە لەوێ کراوە بە ئەندامی « دار الحكمة الاسلامية) کە بالآترین کۆڕی زانیاریی ئەوسای دەوڵەتی عوسمانی بووە .

★ پاش چەند ساڵێك ئەستەمبووڵی جێ هێشتووەو گەڕاوەتەوە بۆ (وان) ، وە لەوی لەسەر چیای (ئەرەك)دا دەستی بە خواپەرستی کردووە .. لێرەوە بەشی دووهەمی ژیانی دەست پێ دەکات ، خۆی ئەم بەشەی ژیانی خۆی ناوناوە قۆناغی « سەعیدی نوێ » . لەم بەشەی ژیانیدا خۆی بۆ ڕزگارکردنی «ئیمان» تەرخان کردووە .

★ لەساڵی ١٣٤٤هـ / ١٩٢٦ز ڕەهەندی گوندی « بارلا » کراوە ، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای تورکیا ، هەشت ساڵو نیو لەوێ ماوەتەوە . زۆربەی پەیامەکانی نووریشی لەوێ داناوە .

★ پاش « بارلا » ، لە چەند جێگایەکی تری وەك شاری «قەستمۆنی»و « ئەمیرداغ »دا ژیانی بە ڕەهەندەییو دەست بەسەری بەسەر بردووەو ئەمانەش چواریەکێکی ژیانی داگیر کردووە .

★ لـــه نێوان ساڵەکانی ١٩٢٦ تا ١٩٥٠ز ، زیاتر لــه (١٣٠) پەیام (رسالة)ی بە زمانی‌تورکی داناوە ، جگە لەو (١٥) پەیامــەی کــە پێش ئەم مێژووە بە زمـانی عــەرەبی دایـنـابوون • ئــەم کتێب‌و پەیامانەش بـــە گشتی بـــە (مەوسووعە)یەکی ئیمانیی گرنگ دادەنرێن‌و پێویستیی ئەم سەردەمەی ئیمانداران بەجێ دەهێنن •

ئــەم پەیامانەشی ناوناوە بـــە (رسائل النور) واتە پەیامەکانی نوور ، چونــکە لــە ڕووناکی‌و نووری قورئانی پیرۆز هـــەڵی گۆزیون •

★ لــە شــەوی قەدری‌پیرۆزی مانــگی ڕەمــەزانی ساڵی ١٣٧٩هـ بەرامبــەر بــە ١٩٦٠/٣/٢٣ز لــە شاری ئورفەدا کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێش نێژراوە • پاشان بە فەرمانی کاربەدەستان لە گۆڕەکەی دەرهێنراوەو لە جێگایەکی نەزانراودا نێژراوەتەوە •

هەزاران سڵاو لە گیانی‌بێ‌و خوای گەورەش لێی‌خۆش بێ‌و بە پلەی بەرزی بەهەشتی بەرین شادی بکات •

(وەرگێڕ)

ئاگاداری‌یەك

وەرگێڕ جگە لەم پەیامە چەند پەیامێکی تری لە پەیامەکانی نوور کردووە بە کوردی :

١ ـ پەیامی بیماران (چاپکراوە)

٢ ـ پەیامی پیران (چاپکراوە)

٣ ـ ووتە بچووکەکان (چاپکراوە)

چەند بەرهەمێکی تریش بەڕێوەیە بە یارمەتی‌ی خوا لـــە چـــاپ دەدرێن ٠

رســـالة الطبيعـــة

من كليات رسائل النور التي الفها : بديع الزمان سعيد النورسي

ترجمها من العربية الى الكردية : فاروق رسول يحيى

★ ★ ★

THE NATURE LETTER

By : Bediuzzaman Said Nursi

Translated by : Faruq Rasul Yahya

له کتیبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە (٤٢٨)ی سالی ١٩٨٦ی دراوەتی

★ ئایا سرووشت :

هونەرە یان هونەرمەند ؟ شوێنەوارە یان کاریگەر ؟ هۆنراوەیە یان هۆنەر ؟ یاسایە یان یاسادانەر ؟

★ ئایا بە پێی تەرازووە عەقلی‌یەکانی مرۆڤ چەند ڕێگا هەن بۆ دۆزینەوەی بەدیهێنەری ڕاستەقینەی بوونەوەر ؟ ئایا بە پێی هەمان تەرازووی عەقلی کامیان ڕاستە ؟

نرخی (٧٥٠) فلسە

مطبعة الحوادث ــ بغداد ت ٤١٥٢٦٨٥